بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
ساڵی حەوتەم ژمارە (147) بەرواری 1–7–2023
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت

## بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ...

بەشی بیستەم


هۆیەکانی ڕاگەیاندنی گشتی و پەیوەندیگرتن....ل9

## وتەی ژمارە

# ئایندەی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان!

عەبدوڵا مەحمود

هیچ کاتێک وەکو ئەم ماوەیە، باسی مەترسی سەر قەوارەی هەرێمی کوردستان و کۆتاییهاتنی ئەم قەوارەیە نەبۆتە جێگای قسەوباس... بەشی هەرە زۆری سەرکردە سیاسیەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی، تا دەگاتە نووسەر و رۆژنانووس و چاودێرانی سیاسی بە ئاشکرا باسی مەترسی و لەناوچوون و دارمانی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەکەن. ئەوانەشی هێشتا نایانەوێت دان بنێن بە رەوتی دارمانی ئەم قەوارەیەو ئەم ئەزموونەی زیاتر لە سێ دەهەیە، ئەزموونی دەسەلاتدارێتی دەکات، باش دەزانن کە رەوتی داکوژانی ئەم قەوارەو



ئەزموونە دەستی پێکردووە، بەڵام خەریکن لەگەڵ واقعیەتی ئەم داروخانە مامەڵە دەکەن و دەیانەوێت لەگەڵ ئەزموونێکی تردا، خۆیان بگونجێنن، ئەزموونێک کە لە دەرەوەی داڕوخانی قەوارەی هەرێم و فاکتەری سەرەکی بەرە لە ژێر پێی دەرهێنانی ئەزموونچیانی هەرێمن.

قەوارەی هەرێمی کوردستان، دەمێکە بۆتە دەستەواژەیەکی سیاسی بۆ پێناسەی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم و ئەو ئیلیتە سیاسیەی لەسەروبەندی ئامادەکارییەکانی جەنگی کەنداو لە ڕێگای خۆبەستنەوە بە سیاسەتی نەزمی نوێ دنیاو جەنگ و ملهورییەکەی شانسی داسەپاندنی دەسەڵاتی بەسەر هەرێم و خەڵکی کوردستاندا بە نسیب بوو. واتە بەپێچەوانەی بانگەشەی بەردەوامی سەرانی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و نەتەوەپەرستەکانی کورد، ئەزمونی هەرێم دوورو نزیک بەرهەمی جوڵانەوەی شاخ و خوێنی شەهیدان و قوربانیانی تری خەڵکی کوردستان نییە، بەرهەمی پێشرەوی جوڵانەوەی نەتەوەی کورد لەدژی دەسەڵاتی بەعس نییە. بەڵکو دروست بوون و پێگرتنی قەوارەی هەرێم و ئەم ئەزموونە بەرهەمی شکستی بەعس و تیکشکانی سەربازی هیزەکانی بەرامبەر بە ئەمریکا و غەرب و ئەو بۆشاییە سیاسییە بوو کە بەدوای کشانەوەی هیزەکان و ئیدارەی بەعس لەکوردستاندا، پێکهات. وە بەرهەمی خۆبەستنەوەی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بەکێشەی سیاسی کورد و بازرگانی کردنی سەرانی بزوتنەوەی

بۆ لاپەڕە 2

## باڵەکانی کۆمەڵە لە ڕێکەوتنەوە بۆ بەیەکدادان و جیابوونەوە...

بەرواری ئەوەی ٢٠ ئەم مانگە، بن بەستی یەکگرتنەوەی هەر دوو کۆمەڵەی" کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کۆردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئیران"، ڕاگەیەنرا، ڕێک دوو رۆژ دوای ئەوە لە ٢٢ی مانگدا گرژی نێوانیان گەیشتە ئەوەی کە چەک لەیەکتری رابکێشن، کە بەداخەوە لەو نێوەدا دوو پێشمەرگە گیانیان بەختکرد و چەند پێشمەرگەیەکیش بریندار بوون.



کۆمەڵەکانی دەرهاویشتەی کۆمەڵەی دوای کۆمۆنیزمی کرێکاریی و مەنسورحکمەت، وەکو پێشبینی دەکرا دوای کۆتاییهاتنی هەژموونی کۆمۆنیزمی کرێکاریی، بەخێرایەکی زۆرەوە چوونەوە سەر ڕێچکەی خۆیان و گەرانەوە بۆ هەڵکردنی

بۆ لاپەڕە 3

## عەلی حەمە ساڵح لە کاردانەوەیەکدا... گۆشەیەکی تر لە دزی و تاڵانی زەوی ئاشکرا دەکات، بەڵام...



عەلی حەمە ساڵح ئەندامی پیشووی پەرلەمانی کوردستان، جارێکی تر پەردە لەسەر چەند دۆسیەیەکی تایبەت بەزەوی و بەنایاسای تاپۆکردنیان لە شوێنە باشەکانی هەولێر، لادەدات. بەتاییەتیش بەخشینی ئەو زەویانە و تاپۆکردنیان بۆشێوەی نایاسایی بۆ بەرپرسە باڵاکانی عێراق و کەسوکارو نزیکەکانیان.


عەلی دەڵێت: یەکێک لەو کەسانەی کە زەوی پێدراوە کوڕی نوری مالیکییە، کە بەهای ئەو

بۆ لاپەڕە 3

### لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- ئەو پەیامانەی پاش تیرۆرەکە بیستران....................................ل4
- بەختیار محەمەد وەڵامی پرسی رۆژی ژمارەی داوەتەوە.............ل5
- باندێک، لە بەرگی ڕێکخراوێکی سیاسیدا....................................ل5
- شەری چەکداری لەناو ژیانی خەڵکدا...........................................ل6
- جۆرێکی دیکە لە توندوتیژی...........................................................ل7
- دەمەتەقێی نێوان دوو هونەرمەند...............................................ل8
- پێناسەیەکی کتێبی دۆستەکانی گەل کێن و چۆن شەڕی......ل9


## دۆسیەی ژمارە " هۆکاری کوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم و پرسی پەسەندکردنی بودجە و ئایندەی قەوارەی سیاسی هەرێم"



### د. سەلاحی گەرمیان وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە...ل10_11

پرسی ڕۆژ ل5
پرسی ژن ل7
گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8

# درێژەی وتەی ژمارە

کوردایەتی بوو بەکێشەی خەلکی کوردستان و قوربانیەکانی.

لەئێستادا باسی لاوازبوون و تەنانەت نەهێشتنی قەوارەی هەرێمی کوردستان لە ئاستە هەرە پایەیەکدا، باسی کۆتایی هاتنی ویستگە دوای ویستگەی ئەو دەسەڵاتەیە.

باسی کۆتاییهاتنی دەوریەکە کە زیاد لە تەمەنی خۆی ژیاو مۆر و نیشانەیەکی یەکجار نەنگینی نا بە تەوێڵی بزوتنەوەی کوردایەتی و دەسەڵاتەکەی. وە کارنامەی رۆشنی کوردایەتی خستە ڕوو.

سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی و نووسەو قەڵەم بەدەستانی تا دەگاتە مێژوو نووسەکانی... هۆکاری مەترسی سەر قەوارەی هەرێم دەگێڕنەوە بۆ دوو هۆکاری بناغەیی:

یەکەم: کاڵبوونەوە روحی نەتەوایەتی کوردایەتی نەکردن!

دووەم: لێکترازانی و ناکۆکی ناو "ماڵی کورد"!

ئەم دوو پاساوە نەک هۆکاری دۆخی ئیستای سیاسی کوردستان و مەترسیەکانی سەر قەوارەی هەرێم نین، بەڵکو نەخشەڕیگای بۆرژوازی کوردە، بۆ بەرگرتن بەو دارڕمانەو بۆ کەم کردنەوەی مەترسیەکانی سەر قەوارەی هەرێم و دەسەڵاتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی.

بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی هێندەی بۆیان کرا، کوردایەتیان کرد و کوردایەتی بەمانای وشە ئەوەیە کە پارتی و یەکێتی و گۆران و هاوشیوەکانیان لە ٣٠ ساڵی رابردوودا بەدەستیانەوە گرت و پیادەیان کرد و پەیرەویان کرد. بەڵام نابێ بیرمان بچیت، کوردیەتی لەگەڵ چارەسەری پرسی نەتەوایەتی تێکۆشان بۆ وەڵامدانەوەی کارساز بە پرسی نەتەوایەتی و دوو پرسی لەیەکتری جیاوازن و تەنانەت لە بەرامبەر بەیەکتریدان. کوردایەتی بزوتنەوەیەکی کۆنەپەرستانەی بۆرژوازی ناسیونالیستییە، کە کت و مت و لە ئاستە هەرە دارڕزیوەکەیدا، کاردانەوەی قەومپەرستانەیە بەرامبەر بەسیاسەتی قەوم پەرستانە و شۆفینیستی بەرامبەر بەعسیەکان و عروبە و بە مەبەستی بەشداری پێکردن و بەش پێبران لە دەسەڵاتی ناوەندیدا. واتە کوردایەتی بەرامبەر بە عەرەبایەتی، بەرامبەر بە فارسایەتی و تورکایەتی ئەمەش

**بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونە ناسیونالیستی و کاردانەوە قەوم پەرستییە کە دەوترێت پارتی و یەکێتی کوردایەتیان نەکرد بۆیە چارەنووسی کورد بەم رۆژە گەیشت، رێك پێچەوانەکە دروستەو پارتی و یەکێتی و هاوبەشەکانیان کوردایەتیان کرد و لەم رێگایەشەوە تاکی کورد و کوردستانیان بەم دۆخە نەخوازراوەی ئێستا گەیاند...**

نەک بەوێنەی بزوتنەوەیەکی ناسیونالیستی بۆ کێشەی نەتەوایەتی، بەڵکو بۆ بەش پێبرانی بۆرژوازی کورد، لە قەڵەمرەوی سیاسی و ئابوری بازار و کەڵەکەی سەرمایەدا. بۆرژوازی لەهیچ بەرگ و رەنگێکیدا لە سەردەمی ئیمپریالیزم و گەندەڵ بوونی خۆیدا، هیچ ماک و نیشانەیەی پێشکەوتخوازنەی نەماوە و بۆرژاوازی ناسیونالیزمی کوردیش، بەپێی هەمان لۆژیکی مایەپوچی پیشرەوی پیشکەوتنخوازبوونی بۆرژوازی لەم سەردەمەدا نەک ناتوانێت پێشکەوتنخواز بێت، بەڵکو کاری وەستانەوەیە بەرووی هەر پیشرەوی و پێشکەوتنخوازییەک و هەر رێکار و ریگاچارەیەکی پێشکەوتنخوازنە بۆ چارەسەری پرسە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری...تاد. راستی ئەم بۆچوونەش بەکردەوە لە دەسەڵاتی سی دەهەی بۆرژوازی کوردا لەهەموو ئاستەکانیدا خۆی نیشانداو قوربانیانیشی خەڵکی کوردستان و مافە سەرەتایی و مەدەنیەکانیان بوو. بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونە ناسیونالیستی و کاردانەوە قەوم پەرستییە کە دەوترێت پارتی و یەکێتی کوردایەتیان نەکرد بۆیە چارەنووسی کورد بەم رۆژە گەیشت، رێک پێچەوانەکە دروستەو پارتی و یەکێتی و هاوبەشەکانیان کوردایەتیان کرد و لەم رێگایەشەوە تاکی کورد و کوردستانیان بەم دۆخە نەخوازراوە گەیاند. چۆن قەومپەستە عەرەبەکان بە عەرەبایەتی کردن و قەومپەرستە فارسەکان بە فارسایەتی کردن و قەومپەستە تورکەکان بۆ تورکایەتی کرد، ناسنامەی هەموو رەنگێکی تریان بە ئاراستەی سڕینەوە و مۆر دانە لەناوچاوانی هاوڵاتیان و دەستەبەندی کردنیان بۆ هاوڵاتی پلە یەک و دوو کرد و تۆوی ناسنامەو ململانێی قەومی و برێکیش ناسنامەی دینی و مەزهەبیان، ڕشت، ئاواش بزوتنەوەی کوردایەتی، کوردایەتی کردە ناسنامەی جەنگ و ململانێی لەگەڵیان. ئەم بزوتنەوەیە بەو ماهیەتەیەوە تەنها دەیتوانی بەدژایەتی هەموو ئازادیخوازییەک و وەستانەوە بەرووی هەموو ماف و داوا و داخوازییەکی خەڵکی کوردستان، بە چوونە جەنگی ناسنامەی هاوڵاتی بوون، رەمزو نیشانەکانی خۆی پێناسەبکاتەوە، بۆیە بزوتنەوەی کوردایەتی دەستی لەهیچ کۆنەپەرستیەک و لە چوونە جەنگی هیچ ماف و ئازادی و پیشکەوتنخوازییەک نەپاراست، و لەپیش هەموویانەوە دۆسیەی دیاریکردنی ئاییندە و چارەنووسی خەڵکی کوردستانی کردە نیشانە و هێندەی بۆی کرا بەرەو دواوەی برد و لە گۆرانی هاوسەنگی هیزی نیوان خۆی و بزوتنەوە قەومی و ئیسلامیەکانی عیراقیشدا، ئەزموونی دەسەڵاتدارێتیەکەی بەرەوە لاوازی رۆشت و لەوەش زیاتر روو لەدارڕمانی بەردەوامە. واتە شکستی قەوارەی هەرێمی کوردستان، ئاکامی کوردایەتی و سیاسەتی شکستخوادووی بزوتنەوەی کوردایەتییە لەبەرامبەر بە باڵەکانی تری بۆرژوازی لە عێراقدا.

لیکترازانی و ناکۆکی ناو "ماڵی کورد"! بەشیکی تر لە پاساوی سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی بۆ مەترسی سەر قەوارەی هەریم پێک دەهێنێت. پیش هەموو شتیک دەستەواژەی "ناو ماڵی کورد" و یەکریزی ناو ماڵی کورد" مەبەست لە سازانی نیوان پارتی و یەکیتیە، لەسەر داهات و قەڵەمرەوی سیاسی، نەک هیچ شتێکی تر... بۆ خەڵکی کوردستان پارتی و یەکیتی و حزبەکانی تر تەباو رێک و لەیەک چوارچیوەدا بن یان هەر یەکەیان بلۆک چ کاریگەرییەکی لەسەر سیاسەتی ناسیونالیزمی کورد لەبەرامبەر بەبەغدا و بۆرژوازی لە ئاستی عێراقدا دەبێت... خۆ پارتی و یەکیتی و حزبەکانی تری بۆرژوازی کورد، هەموویان لەسەر چۆنیەتی پەیوەندی هەرێم بە بەغداوە کە فیدرالیزمی قەومییە، هاوڕا بوون، لەسەر دەستور هاوڕابوون... چ فیدرالیزمی قەومی و چ دەستوریان وەک دەستکەوتی گەورە وێنا دەکرد... واتە لەسەر مەسەلەی بناغەیی کە لە عێراقدا دەستور و پەیوەندی هەرێم بە بەغدا و "فیدرالیزم" ە، بەتەبایی و هاوهەڵوێستی بریاریان لێداوە، کەچی خودی پارتی و یەکێتی و هاوبەشەکانیان، خەریکن باجی مایەپوچی فیدرالیزمی قەومی و دەستور دەدەن و ئەوەی روودەدات بەرهەمی دەستور و فیدرالیزمی قەومییە. قەوارەی هەریم" دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد" وەکو ئاکام و دەرئەنجامی فیدرالیزم و دەستور، تا دێت بچوک و بچوکتر و لاواز تر دەکرێت و بریارە سیاسی و ئەمنی و ئابوری و یاسایی و حقوقیەکانی، لەدەست دەردەهێنریت. ڕیکەوتن و هاوڕایی و هاوهەڵوێستی پارتی و یەکێتی ئەگەر بتوانێت گەمەیەک بێت بۆ ئەوەی هەر لایەکیان نزیکایەتی لەگەڵ باڵە ناکۆکەکانی عێراق لە پێناو بەرژەوەندیە حزبیەکانیان پێک بهێنیت و لە هاوپەیمانیەتیەکانیدا لەبەرامبەر بەیەکتریدا بەدەستیەوە بگرن و باڵەکانی بۆرژوازی عێراقیش ئەوە بەسودی خۆیان بزانن کە پارتی و یەکیتی و حزبەکانی هاوشانیان نارێک و ناتەباو لەبەرامبەر بەیەکتریدا وەستابن، بەڵام ئەمە ناتوانێت هیچ ئاڵوگۆرێک لە پرسە بناغەیەکانی وەکو دەستور و فیدرالیزمی قەومی، بهێنێت، و ناتوانێت بەر بە رەوەندی ئەو ناکامییە بگرێت، کە خۆی بەرهەمی فیدالیزمی قەومی و دەستوری نووسراوی بە بنەماوەرگیراوی دابەشکاری قەومی و دینی و تایفییە، لە جیێگای مافی هاوڵاتی بوون. دیارە مەترسی سەر قەوارەی هەرێم تەنها بەغدا نییە، هەرەشەکانی سەر دەسەڵاتی قەوارەی هەرێم لە هاوسەنگی هەمیشە گۆڕدراودا بە زیانی دەسەڵاتی هەرێم، لەلایەن بۆرژوازی لە ئاستی عێراقیدا تەنها لایەنێک لە پەڕوباڵ کردنی دەسەڵاتی هەرێم پێکدەهێنێت... بەڵام لایەنەکانی تر کەمتر لە بۆرژازی عێراق کەم کاریگەر تر نین لەسەر قەوارەی هەرێم... لە بەشی داهاتوودا لەسەر لایەنەکانی تری هەرەشەی سەر قەوارەی هەرێم و رێگاچارەی بۆرژوازی کورد... دەدوێین.

**درێژەی هەیە...**

**باسی لاوازبوون و تەنانەت نەهێشتنی قەوارەی هەرێمی کوردستان لە ئاستە هەرە پایەیەکدا، باسی کۆتایی هاتنی ویستگە دوای ویستگەی ئەو دەسەڵاتەیە. باسی کۆتاییهاتنی دەوریەکە کە زیاد لە تەمەنی خۆی ژیاو مۆر و نیشانەیەکی یەکجار نەنگینی نا بە تەوێڵی بزوتنەوەی کوردایەتی و دەسەڵاتەکەی. وە کارنامەی ڕۆشنی کوردایەتی خستە ڕوو...**

## درێژەی: باڵەکانی کۆمەڵە لە ڕێکەوتنەوە بۆ بەیەکدادان و جیابوونەوە...

ئالای ناسیونالیزم و دوور کەوتنەوە لە کۆمۆنیزمی کرێکاریی و کۆمەڵەیەک کە ڕەوتێکی خۆشناو و تێکەڵ لەگەڵ بزوتنەوەی شاری و شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستاندا بوو. کۆمەڵەو کۆمۆنیزمێک کە نەک جێگا ئومێدی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە ئیران و کوردستانی ئیراندا، بەڵکو ببوە مایەی ئومێد و هیز بەخشین بە ڕەوتی چەپ و کۆمۆنیزم لە کوردستانی عێراقدا و سەرچاوەیەک بۆ بەهیز بوون ئیلهام وەرگرتن لە خەت و نەریتە پێشکەوتنخوازو سونەت شکێنەکانی... تا ئەورادەیەی لاوانێکی زۆر لە کوردستانی عێراقدا خوازیاری بوون بە ئەندام و تیکۆشەری کۆمەڵەو کۆمۆنیزمی کریکاریی بوون و لاوان و تێکۆشەرانی کۆمۆنیست بۆ دەستڕاگەیشتن بە ئەدەبیاتەکەی لەسەردەمی دڕندەیی بەعسدا بە کێو و شاخەکان وبە ڕێگای مەرگدا سەردانی کۆمەڵەو بارەگاکانیان دەکرد. رادیۆکەی لە زۆرێک لە ماڵە کریکار و زەحمەتیکشەکانی کوردستانی عێراقدا گوێ لێدەگیراو بەشێک لە بەرنامەکانی تۆمار دەکران...

کۆمەڵەی دوای کۆمەڵەی کۆمۆنیست و هەژموونی کۆمۆنیزمی کریکاریی و مەنسور حیکمەت، بووە لانەیەکی ئارام بۆ چەپ و راستی ناسیونالیست و لەو نێوەدا هەرکام لە سەرکردەکانی کۆمەڵە، بەدوای بەدیلی خۆیان کەوتن و چەند بەش لە کۆمەڵە جیابوونەوە. وە هەر باڵێک کە لە کۆمەڵە جیا دەبێتەوە لە کۆمەڵە دواکەوتوو ترە. ئەم دوو باڵەی ئێستا کێشمەکێشەکانیان بە بەبەیەکدادانی چەک گەیشت، خەونەکانیان لە پشتیوانی جەماوەریەوە گۆڕا بە خەوبینین بە ئەمریکاو غەرب تا ئاوی موبارەکەیان بەسەردا بکات و ئاوڕێکیان لێبداتەوە.. لە خواستی پشت بەئیرادەی خەڵکی کوردستانەوە بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی خۆیان گۆڕا بە دەستڕاگەیشتن بە فیدرالیزمی قەومی و گوێزانەوە ئەزمووی پووچ و دارماوی ناسیونالیزمی کوردستانی عێراق بۆ ئیران و شەریک بوون لە دەسەلاتی جمهوری ئیسلامی...  یان هیزی دوای روخاندنی جمهوری ئیسلامی ئەگەر دیکتاتۆر و ئاریامیهری و شاهانشاهی و یان هەر دەسەڵاتێکی تر بیت... لەگرنگی خەباتی هاوبەشی کرێکارانی ئیران و کوردستانەوە، بوونە ئالا هەڵگری کوردستان بۆ بۆرژوازی کورد و پشت کردنە جەماوەری کریکار و زەحمەتکێش و لەو راستایەشدا هەر زوو هەموو نەریتە پۆخڵەواتەکانی  ناسیونالیزمی کوردیان بە بەشیوەیەکی میلیتانت بەدەستەوە گرت... لەو نێوەدا چ لەناو ریزەکانی خۆیاندا ڕێگای تەسفیەو راوەدوونان و بوختان و تەنانەت ئینسان کوژیان گرتە بەر، لە مامەڵە و ناکۆکیان لەگەڵ لایەنەکانی تر هاوشانیان، بە هەمان شیوەی هێزە ناسیونالیستەکانی کوردستانی عێراق، هیچ کارو کردەوەیەک کە تائیستا لەدەستیان هاتووە، درێغیان نەکردووە... بەکردەوەش عەبدوڵا مهتەدی و عومەری ئیلخانی زادە، ئیستا وەکو دوو سەرکردەی دوو هیزی مافیایی نمایشی خۆیان دەکەن... شکستیان لە خۆجوتکردن و قبوڵکرانیان لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوزی و شکستی پرۆژەی ئاویزان بوونیان لەگەڵ هیزە بۆرژوازیەکانی ئیران بە ئامانجی مەقبولیەت وەرگرتن لەلایەن خەڵکی ئیران و کوردستانەوە، بەزووی خەونی بوون بەهیزی سیاسی لێیان سەندەوەو بن بەستی ڕیکەوتنی نیوانیشان بۆ یەکگرتنەوە لە بنەرەتدا، ریشەی لەم واقعیەتدا بوو.

قوربانیانی نێوان ئەم بالانەی کۆمەڵە، لەسایەی ئەو دەستەو تاقمانەدا، تەنها چەند پێشمەرگەیەک نین کە بەداخەوە گیانیان لێ سەندرایەوە، بەڵکو هەرەشەی ئەوانە لەسەر کۆمەڵگەی کورستان و بەدژی چینی کریکار و خەڵکی شۆرشگیری کوردستان و هەر هەوڵ و بزوتنەوەیەکی چەپ و ئازادیخوازانە، واقعیەتێکی پێشبینی کراوە، بۆیە دەبێ تەریک بکرێنەوە. پێویستە ئەندام و کادر و پیشمەرگەکانیان بە چاوێکی کراوەوە بڕوانە کارنامەی رابردوو وە ئێستای ئەو ڕەوتانەو هەوڵەکانیان، کەچۆن دەیانەوێت لەگەڵ کۆنەپەرستترین و دژە ئینسانیترین ڕەوتی شاهانشاهی لە گۆڕنراوی ئیران، نەخشەی دەست راگەیشتن بە گۆشەیەک لە دەسەڵات پیادە بکەن، وە پێویستە ریزەکانیان بە جێ بهێڵن و رووبەڕووی لێپرسینەوەیان بکەنەوە لەپای تاوان و نۆکەرپیشەیەکەیاندا...

## درێژەی: عەلی حەمە ساڵح لە کاردانەوەیەکدا گۆشەیەکی تر، بەڵام...

زەویەی پێی دراوە بایی ٧٠٠ هەزار دۆلارە... هەروەها باسی هونەرمەند جەمشید دەکات کە زەوی پێدراوە کە بەهاکەی ١٥ ملیۆن دۆلارە...لە درێژەی لێدوانەکەیدا دەڵێت "نزار حەنا، کە مەسیحیەکی عەرەبی واجیههیە، یەک ملیۆن مەتر چوارگۆشە زەوی وەرگرتوە لە دریم ستی، پرۆژەی دروستنەکرد، بە بێ ئەوەی پرۆژەی تێدا بکات، مەتر مەتر زەویەکەی فرۆشت بایی 720 ملیۆن دۆلار".

ئەوەشی خستۆتەڕوو، "ئەی بۆ زەویەکەی پشتی ماڵی سەرۆکی هەرێم هەتا ڕێگای بەحرکە، بەپانی نێوانی شەقامی 100 مەتری 120 مەتریە، دەڵێن چی؟ 13 ملیۆن مەترە، بەهاکەی زیاتر لە پێنج ملیار دۆلارە، 500 هەزار دەفتەر، ئێستا نافورەی دەستکرد و دەریاچەی دەستکردی تێدا دەکەن و نیوەی هەولێریش بێ ئاوە، زۆر باش دەزانین لە ئەسڵدا هی کێیە، هەر نەڵێن، نایابترین گەورەترین زەوی هەولێر دراوە بەکێ".

ئاشکراشیکردوە، "ئەی بە 612 دۆنم زەیەکەی پاڤیلۆن دەڵێن چی، بەهاکەی ملیارێک 612 ملیۆن دۆلارە، (161 هەزار دەفتەر)، باش دەزانین ئەمیش درا بەکێ، ئەی بە 200 دۆنمەکەی بەرامبەر هۆتێل ڕۆتانا دەڵێن چی! بەناياسایی تاپۆکرا بەهاکەی 700 ملیۆن دۆلارە، (70 هەزار دەفتەر) دەکات".

عەلی حەمەساڵح لەبارەی زەوی کچەکەی مەشعان جبوریەوە باسی لەوەکردوە، "بۆ زەوی کچەکەی مەشعان جبوری، خۆی لە چەندین شوێن وەک خاوەنی ئەم پرۆژە خۆی دەرخستوە، ئێستاش دەڵێن، جێبەجێکاری پرۆژەکەیە".

ئەوەشیخستۆتەڕو، باسی خاوەنداری ئەسڵی سەلاحەددین و ستێرو لاناس و لالاڤ و دارین و دابین و بانکی کوردستان و RTبانک، هتد بکەن...

دیارە ئەوە یەکەمین جار نییە عەلی حەمە ساڵح و کەسانی تر دۆسیەی دزی و تالانی و بە نایاسایی تەخشان و پەخشان کردنی زەوی دەخەنە ڕوو... نەک تەنها لە بواری زەوی و زاردا, بەڵکو لە هەموو زەمینەو لایەنێکدا، دزی و تالانی بەجۆرێکە بۆتە ناسنامەی دەسەلاتی بزوتنەوەی کوردایەتی و بنەماڵە دەستڕۆشتوەکانیان لە سەراسەری کوردستاندا. بەلام ئەوەی عەلی حەمە ساڵح و هاوپیشەکانی دانی پیانانێن... ئەو دزییە بە یاسایکراوەیە، کە خۆیانی کردۆتە ملیۆنێر و ژیانی شاهانەی پێ بەخشیون... موچەی ئەندام پەرلەمان و ئیمتیازاتەکانی، موچەی خانەنشێنی، موچەی وەزیر و راوێژکارەکان و بەڕیوەبەرە گشتیەکان و خانەنشینانیان، کەچی ئامادەنەبوون لە پەرلەمانە بێ کارەکەیاندا، موچەی کرێکاران و کارمەندان و کەسانی خاوەن پێداویستییە تایبەتیەکان زیاد بکرێت بۆ ٤٠٠ هەزار دینار، کە هێشتا لەچاو موچەی ئەندام و پەرلەمان و وەزیر و گریزەکان، هێندە ناچیزە.... کەخۆیان زۆر زیاتر دەدەن بە مناڵەکانیان... بۆیە خستنە ڕووی ئەم دۆسیانە لەلایەن عەلی حەمە ساڵح و هاوکارەکانی هیچی تازە ناخاتە بەردەم جەماوەری نەداری کوردستان، کە خۆیان رۆژانە دەیبین و دەیزانن. هاوکات ئەوان بەخستنە رووی ئەم دۆسیانە ناتوانن شانی خۆیان لە راستیە خاڵی بکەنەوە کەخۆیان لەژێر سایەی هەر ئەو دەسەلات و پەرلەمانەدا، هەڵتۆقیون و لەقوتی خەڵکی کوردستان مانگانە چەند ملیۆن دینار وەردەگرن. جێگای خۆیەتی لە عەلی حەمە ساڵح و هاوکارەکانی بپرسین... ئاماری ئەو پارەیەی تا ئیستا وەرتان گرتووە چەندە؟ ئەمەش بخەنە ڕوو، بێ گومان ئەویش دزییە بە ئیمزای خۆتان بڕیاری لێدراوە...

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بلاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بلاوبوبێتەوە.

* بابەتی بلاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بلاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بلاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بلاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بلاوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.



# ئەو پەیامانەی پاش تیرۆرەکە بیستران

**نووسینی: بنار مستەفا**

بۆ جارێکی تریش لە کوردستان شایەتی حاڵەتی ناخهەژێن بووینەوە. ئەمجارەیان ژیان لێسەندنەوە لەسەر بنەمای بیروبۆچوون. حاڵەتێکی هێندە دڵتەزێن، کە وشەی لەسەر زاران وەستاند و بە تاساوی و تێڕامان ڕایگرتین. دیسان تیرۆرێک ئەنجام درا، کە بەجیا لەوەی خەم و پەژارەی کردە ناخمان، هەڵگری کۆمەڵێک پەیامە بۆ کۆمەڵگە.

بەر لە هەر شتێک خودی تیرۆرەکە پەیامێک بوو بۆ خەت هێنان بە ژێر ئەو بەهێزی پشتی ڕەوت و هێزە ئیسلامییەکانن و بە هیچ شێوەیەک لە خۆیانیان ناڕەنجێنن. بەجیا لەوەی سێ دەهەیە کۆمەکیان دەکەن و بەزۆر دەرفەتی گەشەکردنیان بۆ دەڕەخسێنن و هاوسەنگەریان پەردەپۆش ناکرێت، وێڕای ئەوەش نایانەوێت هەڵوێستێک بنوێنن و مەترسی "لێکتێنەگەشتن" دروست بکەن. گەر ڕاستەوخۆش تێگەشتن بۆ تیرۆرەکە نیشان بدەن، ئەوا دەکەونە بەر نەفرەتی زۆری ئازادیخوازان، کە وەکو تریش خۆیان دەربازبکەن و نەکەونە بەر بێزاری توندی خەڵکی.

کارنامەی تاریکی دەسەڵاتداران لە سێ دەهەی ڕابردوودا تاوانی کردۆتە دیاردەیەکی ئاسایی. هەروەها هەزاران مزگەوتی کردۆتەوە و پاڵپشتی بەهێزی ئیسلامییەکان بووە و ئاسانکاری کردووە لە بڵاوکردنەوەی فەتوا و هەڕەشە و هتد. سەرئەنجام کارێکی وەهای کردووە، کە لای بەشێکی کۆمەڵگە کوشتار ئاسایی بێت. کەم نەبوون ئەو کۆمێنتانەی حەقیان

**کارنامەی تاریکی دەسەڵاتداران لە سێ دەهەی ڕابردوودا تاوانی کردۆتە دیاردەیەکی ئاسایی. هەروەها هەزاران مزگەوتی کردۆتەوە و پاڵپشتی بەهێزی ئیسلامییەکان بووە و ئاسانکاری کردووە لە بڵاوکردنەوەی فەتوا و هەڕەشە و هتد. سەرئەنجام کارێکی وەهای کردووە، کە لای بەشێکی کۆمەڵگە کوشتار ئاسایی بێت ...**

ڕاستییەی، کە لە کوردستاندا ئازادی بوونی نییە و مرۆڤ دەکرێت تەنانەت لەسەر لێکدانەوە و تێگەیشتنی خۆی بۆ جیهان تیرۆر بکرێت. دانیشتوان پارێزراو نین و ئاسان کەسێک دەتوانێت جێبەجێکردنی یاسای خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت. هاوکات نیشانی دەدات، کە ڕەوتێکی کۆنەپەرست و دژەمرۆیی دەیەوێت لە کوردستاندا شکڵ بگرێت، کە لە پێناو سەپاندنی دنیادیدەی خۆی کێشەی نییە بە دەستی خۆی ژیان لە خەڵکی بسەنێتەوە.

بێ باکی و بێ هەڵوێستی دەسەڵات پەیامێکی تری مەترسیدارە. هەڵبەت بێ دەنگی و بێ هەڵوێستی دەسەڵات، دەکرێت وەک هەڵوێستێکی ڕۆشن وەرگرین. دەسەڵاتدارانێک، کە هەندێک جار لەگەڵ بڵاوبوونەوەی گرتە ڤیدیۆیەک، کە سوکایەتی و بێڕێزی بە مرۆڤ دەکرا، زوو خۆیان بە کۆمەڵێک پەیامنێری دەزگای ڕاگەیاندنەوە دەگەیاندە لای کەسەکە و دڵنیایان دەدا بەوەی سەلامەت دەبن و یاسا سەروەر دەبێت. هەڵبەت هیچ کات یاسا سەروەر نەبوو، بەڵام ئەم جارەیان تەنانەت بۆ شکڵی و سیناریۆش هیچ بەرپرسێک قسەیەکی لەسەر نەکرد. ئەمەش ڕێکەوت یان لە باوەڕی پتەویان بە گرتنەبەری ڕێچکەی یاسایی سەرچاوە ناگرێت. بەڵکو دەسەڵاتداران سەنگەرێکی کورتیان نەهێناوە. هەروەها زێدەڕۆیی نییە، گەر بڵێین دەسەڵات زۆر نیگەران نییە بە سەرکوت و کپکردنی دەنگە بوێر و ناڕازیەکان. ئەوان جەماوەرێکی گوێڕایەڵ و دەستبەستوویان دەوێت، کە هیچ کات سەرنجیان لەسەر دەسەڵاتەکەیان نەبێت.

بە هەمان ئەندازەی نابەرپرسیارێتی دەسەڵات، میدیاکان لە ئاستنزمیدا ڕۆڵیان گێڕا. هەر وەک بڵێی پێشبڕکێ بکەن لەسەر کۆکردنەوەی زۆرترین شکاندنی پرەنسیبە ئینسانی و مەدەنیەکان، بە زەقترین شێوە و خوێ ڕشتن بە زامی کەسوکاری خواناس و هەموو ئەوانەی بەم کارەساتە خەمبار بوون. ئاستنزمی تا ئەو ئەندازەیەی لە میدیاکانەوە پرسار بکرێت لە ڕێبواران "ئایا تاوانەکە حەق بوو یان نا؟" یان "بۆچوونت لەسەری چییە؟" و چوونە بنجوبناوانی ئەوەی "ئاخۆ خێزانی تاوانلێکراو بەڕاستی خێزانێکی دیندارن یان نا؟" بیانەوێت یان نا، ئاگاهانە یان بێ ئاگا، هەموو ئەم کارانەیان لە بەرژەوەندی ئەو کەس و هێزانەیە، کە پێیان وایە دەکرێت تیرۆریش لە شوێنی خۆیدا کارێکی گونجاو و لەسەر حەق بێت. هەروەها میدیاکان لە بری هێنانە ئارای دەنگی ئازادی و مرۆڤدۆستی و سووربوون لەسەر خەتی سوور بۆ خوێنرشتن، تەنها مایکیان دەخستە بەردەم مەلاکان و فتوادەران، تا پاساو بهێننە و بە تیرۆرەکە دەدا. شکڵگرتنی ئەم دیاردەیە، کە نەک مرۆڤانێک بە تیرۆر و خوێنرشتن ڕانەچڵەکێن، بەڵکو تەنانەت بە ئەرێنی تەماشای بکەن، ئازارێکی تر بوو لە پاڵ تیرۆرەکە.

لە بەرانبەر ئەم پەیامە مەترسیدارانە، جەمسەری مرۆڤدۆستی و ئازادیخوازانیش لە ئارادابوون. دەنگیان هەڵبڕێ و گوشاری توندیان بۆ فتوادەران و دەسەڵات هێنا و بە ئەندازەیەک ناچار بە پاشەکشەیان کردن. شەپۆلێکی فراوان لە ناڕەزایەتی و تووڕەی ئازادیخوازان بینرا و بیسترا و نیشانیان دا، کە سەنگەری بەرگری لە ئازادی و یەکسانی و مرۆڤدۆستی کەم نییە. دەنگی ئەم جەمسەرە هێشتا دەبیسترێت و لە ململانێی توندایە لەگەڵ دەسەڵات و ڕەوتی کۆنەپەرستی کۆمەڵگە. ئەم جەمسەرە، کە هێشتا تەواوی هێزی خۆی نەنواندووە و دوا وشەی نەگوتووە، ئومێدێکی گەورەیە بە گۆڕینی دۆخەکە لە بەرژەوەندی ئازادی و دانیشتوانان. با ئەم هێزە فراوانتر و بەهێزتر بکەین!

کۆتایی حوزەیرانی ۲۰۲۳

# کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبڕاوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی ناڕەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bpeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.ne

**پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com

## پرسی ڕۆژ/ بەڕێز بەختیار مەحەمەد نووسەر وەڵامی پرسی ژمارەی داوەتەوە



**تیرۆری خواناس وریا گلی؛ لە چەمچەماڵ جارێکی دیکە کۆمەڵگەی کوردستانی ڕووبەڕووی نائارامی کردەوە لەسەر پرسی بیروڕای ئازاد و قبووڵنەکردنی لایەنێک یان بیربۆچوونێک بۆ رایەکی دیکەی بەرامبەری.**


**ئێوە ئەو کارە چۆن هەڵدەسەنگێنن لەباری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە؟ ئایا بەرپرسیاری یەکەم کێیە و پرۆسەی ڕێگە چارە چیە بەڕای ئێوە؟**

**بەختیار محەمەد:** کوشتنی خواناس؛ ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە گوتاری تیرۆری ئیسلامی سیاسی وئیسلامی سەلەفییەوە هەیە. ناڕاستەوخۆش پەیوەندی بە هەلومەرجی خراپی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابووری کۆمەڵگەی ئێمەوە هەیە؛ کە ئەمەیان ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی ٣٢ ساڵەی پارتی ویەکێتی لێی بەرپرسیارە. وەک دەزانین لە سایەی ئەم ڕەوشەدا، ئیسلامی سیاسی بە هەموو باڵەکانییەوە گەشەیەکی زۆری کردووە و فکریانە و ئایدیۆلۆژیانە بەتەواوی کۆمەڵگەی ئێمەی کۆنترۆڵ کردووە. لێرەوە پەروەردەی ئایدیۆلۆژیی ئەوان خەڵکێکی زۆری ئیمانداری سادەی (بەتایبەتی لە توێژی گەنجانی) بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە وکردوونیەتە لایەنگرێکی موتیعی سەرسەختی خۆی. بکوژەکەی خواناس یەکێکە لەو گەنجە مێشک شووراوانەی، کە بە هاوکێشەی ئیمان وکوفر، وەک ئەرکێکی پیرۆزی ئایینیی(خواناس) تیرۆر دەکا.

هەڵبەت چارەسەرێکی هەنووکەیی ئەفسووناویی بۆ ئەم ڕەوشە خراپەی کوردستان نییە، بەڵام دەبێ بەرەی ڕۆشنگەری ڕەخنەگر لە ئیسلامی سیاسی و لە ئایین، بە کەرەستەی مەنتیق وعەقڵ بەهێز و هۆشیارتر بێت، تا بتوانێت باشتر کۆمەڵگە و تاکەکانی هۆشیار بکاتەوە ولە ئیسلامی سیاسی دووریان بخاتەوە.

## باندێک، لە بەرگی ڕێکخراوێکی سیاسیدا!

# لە پەیوەند بە کوشتنی دوو پێشمەرگە لە بارەگاکانی کۆمەڵە لە دەوروبەری شاری سلێمانی



رۆژی ٢٢-٦-٢٠٢٣ لە ناوچەی زرگوێز ، بەهۆی دروست بوونی گرژی وئاڵۆزی لە نێوان دوو دەستەی چەکدار کەسەر بە (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان) بوون، دوو چەکدار گیانیان لەدەستدا و دوو کەسی دیکەش بریندار بوون. هۆکاری ئەم شەڕە ململانێی نێوان دوو ڕێکخراو کە هەردووکیان ناوی (کۆمەڵە) یان بەخۆوە ناوە، ئەمانە پێشووتر بەیەکەوە کاریان کردوە دواتر جیابونەتەوە و بەر لە چەند مانگێک بریاربوو ئەم دووانە یەک بگرنەوە. یەکێکیان (عەبدوڵای موهتەدی) سەرپەرشتی دەکات ئەوی دیکەیان (عومەری ئیلیخانزادە). بەگوێرەی قسەکانی (ڕەزا کەعبی) کەسی دووەمی نێو کۆمەڵەی (ئیلیخانزادە)، چەکدارانی سەر بە (عەبدوڵای موهتەدی) بە گوللەی قەناس و چەکی بی.کەی.سی تەقەیان لێکراوە و دووکەسیان لێ کوژراوە وکەسی دیکەش بریندار بوون.

ئەگەر تەماشایەکی مێژووی سیاسی و پێشینەی ئەم جەماعەتە بکەین کە (عەبدوڵای موهتەدی) و ( عومەری ئیلیخانزادە) سەرپەرشتیان دەکەن، دەبینین کردەوە و ڕەفتارەکانیان زیاتر لە (باندێکی مافیایی و ئینسان کوژ) دەچێت وەک لەوەی ڕیکخراوێکی سیاسی بن. بەدوای جیابوونەی کۆمۆنیزمی کرێکاری بە ڕابەری مەنسور حیکمەت، ئەم جەماعەتە لە ساڵی ٢٠٠٠ بەئامانجی زەمینە خۆشکردن بۆ نزیکبوونەوە لە بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد و تۆبەکردن لە ڕابوردی چەپبوون و کۆمونیست بوونیان، دەستیان دایە هەڵمەت و هێرشێکی سیاسی بۆسەر کۆمونیزم و رادیکالیزمی چەپ لەنێو ریزەکانی حزبی کۆمونیستی ئێران و کۆمەڵە لەو سەردەمەدا، ئەمان بەدوای ئەوەی شکست دەهێنن لەوەی ببنە ڕابەری و زۆرینە لە نێو سەرکردایەتی کۆمەڵە و حزبی کۆمونیستی ئێران، سەرئەنجام بە پاڵپشتی و کۆمەکی جەلال تاڵەبانی ویەکێتی نیشتیمانی کوردستان، دەستیان دایە پلانێک و جیابوونەوەی خۆیان لە ژێر ناوی (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان) ڕاگەیاند و جۆرێک لە (دزی سیاسیان) کرد و خۆشناوی (کۆمەڵە) یان وەک ئامرازێک بەکارهێنا و لە کوردستانی عێراق بارەگا و چەک و کۆمەکی مالیان لەلایەن یەکێتیەوە پێگەیشت.

یەکێک لەو کار وئامانجە سەرەکیانەی کە ئەم جەماعەتە هەر لەسەرەتاوە دەستیان داوەتێ (دژایەتیکردنی کۆمونیزمی کرێکاری و جەنگ لە بەرامبەر رادیکالیزمی چەپ لەکوردستان) دا. ئەمان وەک ڕەوتێکی فاشیست و کۆنەپەرست، دەستیان نەپاراستوە لەئەنجامدانی چەندین کردەوەی دژە ئینسانی، لەوانە پڕوپاگەندە و تەشهیرکردن بە کۆمۆنیستەکان و بزوتنەوەی شورایی و بە کەسایەتی مەنسور حیکمەت و چوونە پاڵ ئەحزابی ناسیونالیست لە کوردستانی عێراق و بەشداریکردن لە کۆنگرەی نەتەوەیی و بەشداریکردن لە کۆنگرەکانی پارتی دیموکرات و هاوشانی مەسعود بارزانی. هەروەها هەوڵدان بۆ نزیکبونەوە لە جمهوری ئیسلامی ئێران و سازدانی دانوستان لەگەڵیان لەنمونەی (کۆبونەوە لەگەڵ نوێنەرانی جمهوری ئیسلامی لە نەرویج) ئەمە جگە لە خۆ نزیککردنەوە لەگەڵ سیاسەتی جەنگخوازی ئەمریکاو ناتۆ. تازەترین کارشیان، لەساڵی ٢٠٢٣ بەشداریان بووە لە کۆبونەوەی (جۆرج تاون) هاوشانی (شاهنشاییەکانی پەهلەوی) و فاشیستەکانی ئێران بووە، هەموو ئەم کارانەش تەنها بۆ وەرگرتنی پلەو پایەیەک و ئیمتیازاێکی سیاسی لە دەسەڵاتی ئاییندی ئێراندایە. هەرچەندە پەڕەکانی ئەم کردەوانە هەڵدەینەوە تەنها کاری نابەجێ و نائینسانی بەدی دەکەین، ئەمانە ساڵی ٢٠٠٦ بە هاوکاری دەزگا ئەمنیەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، هەوڵی دەستگیرکردنی ٣ کەس لە کەسایەتییە کۆمونسیتەکانی کوردستانی ئێران دەدەن، کە ئەوانیش ( ڕەحمان حسین زادە و ساڵح سەرداری و محمد ڕاستی).

ئەمانە چەند نمونەیەکن لەو دەیان کردەوانەی کە ئەم جەماعەتە ئەنجامیان داوە، هەربۆیە پێویستە خەڵکی شۆرشگێری کوردستان و ئێران، بەهۆشیاریەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە لە ڕێکخراو و جەماعەتانە بکەن و خۆیان بەدوور بگرن لێیان و بواریان نەدەن بە ناوی ئەوانەوە مامەڵە و سات سەودای سیاسی بکەن.

ئەم شەڕ وکوشتارەی کە بەر لەچەند ڕۆژێک لەنێو بارەگاکانی خۆیاندا و لەبەرامبەر یەکتردا ئەنجامیان دا، جارێکی ڕاستی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن، کە ئەمان خاوەنی هیچ پرنسیپێکی سیاسی نین، تەنانەت لەبەرامبەر هاورێکانی خۆیاشیاندا...

**نووسینی: عیرفان کەریم**



# شەڕی چەکداری لەناو ژیانی خەڵکدا لە ئیفلاسی سیاسیەوە!

نووسینی: عبدالرحمن ڕەسوڵ

ژیانی خەڵک و ژینگەی کۆمەڵگە هەمیشە پێویستی بە هەبوونی ئارامی و نوێ بوونەوەیە. هەر کاتێک ئارامی تێکچوو بەشەکانی تری ژیانیش لەبەریەکتری دەترازێت و خەم وناخۆشی جێگەی ئارامی دەگرێتەوە.

ڕژێمە سەرکوتگەرو فاشییەکان هەمیشە ئارامێکیان دەوێت کە ملکەچی وچەمانەوەی بالایی تێدا گەشەبکات لەکۆمەڵگەدا، ئەمەش بەئامانجی زاڵبوونی بیروباوەڕو فکری چەوسێنەرانەیان هەرچی جیاوازییە فکری و دینی و ڕەخنەیەکان بەپێی یاسایی خۆیان ڕەت دەکەنەوە، دواتر بەتوندترین شێوە لەشێوەی زیندانیکردن و کوشتن لەسێدارەدان مامەڵە لەگەڵ بۆچوونە ڕەخنەیی و فکرە جیاوازەکاندا دەکەن.

خودی جێبەجێکردنی ئەم یاسایەش لەئەنجامی ئیفلاسی بیرکردنەوە و سیاسی و فکرییانەوەیە لەبەرئەوەی نەک تەنها توانایی ڕوبەڕوو بوونەوەی نوێگەری و گەشەی ئازادییەکانیان نییە، بەڵکو خودی فکروبۆچوونی بالایی بەزۆر سەپێندراوییان هەر لەسەرەتاوە دژی سەرجەم بەشەکانی نوێ بوونەوەی و ئازادی و ڕەخنە جیاوازەکان بەرهەم هاتووە، هەرئەمەش وای کردووە هەمیشە شکۆی مرۆڤایەتی وئازادییەکان تێکدەشکێنن هەتا بۆیان بکرێت دڵڕەقانە و دڕندانە ڕوبەڕوویی جیاوازییە فکری و دینی وڕەخنەییەکان و بۆچوونە جیاوازەکان دەبنەوە.

ئەم هەڵسوکەتە و ڕەوشتە کردارییە دژە ئینسانییانە بێ ڕوحمانە لەژێر سایەی سەرجەم ڕژێمە سەرکوتگەرو چەوسێنەرەکاندا درێژەی پێدەدرێت بەدرێژایی هەبوونی دەسەڵاتیان لەکۆمەڵگەدا.

لەژێر تێڕوانینی ئەم قبوڵکردنە ڕەهایەدا کە ناوی دەندرێت پاراستنی پیرۆزیی نەتەوە و فکریی یان کە لەلای بەشێکیان ناودەندرێت پیرۆزی دینی یان پاراستنی بەرژەوەندی بالایی حیزبی کە بەحیزبی سەرکردە و بالا خۆیان ناو دەنێن کە لەئەسایشدا ئەم جۆرە پیرۆزکردنە ڕەهایەی حیزب و سەرۆکەکان هەمان جۆرە پیرۆزکردنە لەقۆناغی ڕابردوویی دەسەڵاتی هەبوونی فاشیزم و دەسەڵاتی خێڵایەتی بۆسەرۆک خێڵەکان و ئاژیتاتۆرە دینی و سەرۆکی هێزو جوڵانەوە دینی و نەتەوەیی و خێڵایەتییەکان فەرز کراوە بە زۆرە ملێ و بەگرینگ وپێویست زاندراوە کەدواتر بەهۆی گەشەدانی ئەم ئاکارو کردەوەیە زۆرینەی خەڵکی کۆمەڵگەیان ملکەچی چەمانەوەی ژێر دەستی و چەوسانەوە و نایەکسانی زیاتر کردووە.

ئەگەر وردبینی و بەدواداچوونی مێژوویی بکەین بەڕاستگۆیی بۆمان دەردەکەوێت هۆکاری ئەم بەپیرۆزکردنەی سەرۆکی خێڵ و حیزب و موبەلیغانی دینی وناوچەییەکانە کەبۆتە خولقاندنی چەندها کۆمەڵکوژی وئاوارەکردنی مرۆڤە بێ گوناه و بێ تاوانەکانی هاوڵاتییان تەنها لەبەرئەوەی بۆچوونێکی جیاوازیان هەبووە یان ڕەخنەیەکیان هەبووە لە کردەوە و بۆچوونەکانی سەرۆکی حیزب و سەرۆکی خێڵەکانی ناوچەیەک لەناو تیرو خێڵێکدا.

ئەم بابەتە زۆر زیاتر پێویستە لایەن و بەشەکانی تری بۆ تاوتوێ بکرێت، بەڵام لێرەدا تەنها ئەوەندە بەسە کە بزانین پیرۆزی سەرۆکی خێڵەکان بەمانایی بەکەم سەیرکردنی هاوڵاتی سادە وەکو مرۆڤ ئەژمار دەکرێت چونکە هەر هەنگاوێکی پیرۆزکردنەکە کاریگەری خراپ وئەرێنی دەبێت کەدەبێت هاندان وگەشەی ملکەچ بوونی مرۆڤەکان بەچەوسانەوەی زیاتر.

لەبەرئەوەی هەر چەندە ئەم جۆرە پیرۆزییە گەشە بکات هێڵی چەمانەوەی مرۆڤەکان لەبەردەم بیروباوەڕی کۆنەخوازی و دواکەوتوویی سەرۆکی خێڵەکانی زیاتر دەبێت. لێرەوە دەچینە ناو بابەتی پێویستی هەبوونی ژینگەی ئارام کە لایی سەرۆک خێڵ ئەوەیە کە گرینگی بەمانەوەی جۆری دەسەڵاتی خۆی بدات وەک فەرمانڕەوایی ڕەها لەناوچەیی کە بالادەستەیی تێدا پیادە دەکات.

هەرکاتێک زیان بۆ ئارامی سەرۆک خێڵ هەبێت سەرجەم ڕەخنە وبۆچوونە جیاوازییەکانی تر لەلایی ڕەت دەکرێتەوە و دەبێت زیندەبەچاڵ بکرێن، چونکە نەک تەنها بە دژایەتیکردنی سەرۆک ئەژمار دەکرێت، بەڵکو بەدژایەتی کردنی سەرجەم بەشەکانی کۆمەڵگە ئەژمار دەکرێت، ئەمەش بۆئەوەیە کە ڕاستەوخۆ شەرعیەت بە ڕەتکردنەوە و دژایەتی هەر جۆرە جیاوازی وڕەخنەیەک بدرێت کە زیان بەسەرۆک دەگەیەنێت.

لێرەوە دەگەیەنە ئەو دەرئەنجامەی کە سەرۆک زۆر بەئاسانی دەتوانێت بڕیاری کوشندەی دژە ئینسانی بدات و بەئاسانیش بۆی بچێتە سەر لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی سەرۆکدا.

کۆی کوشتن و کۆمەڵکوژییەکان و شەڕەکان بەبیانوی پاراستنی بەرژەوەندی و پیرۆزییەکانی نیشتمان و دین و فکری سەرۆکەوە بووە، نەک بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی مرۆڤەکان.

لێرەوە هەرچی گفتوگۆکردن و ڕاگۆڕینەوە هەیە کە نەبێتە ڕاگرتنی پایەکانی دەسەڵاتی سەرۆک خێڵ لەلای سەرۆک خێڵ بەزاندنی هێڵی سوورە، ئەمەش بەمانایی پێشلکردنی یاساکانی ویلایەتی سەرۆکی خێڵە کە زۆر ئەگەری ئەوە هەیە زۆر بەئاسانی شەڕ و کوشتن ڕوویدات بەناوی پاراستنی بەرژەوەندی سەرۆک خێڵەوە.

کەوایە با لێرەوە وردبینێک بۆ سیاسەتی حیزبەکانی کۆمەڵگە بکەین بابزانین بەچ پێوەرێک جیا دەکرێنەوە لەقۆناغی دەرەبەگی وخێڵگەرایی، بێگومان یەکێک لە هەنگاوە کردارییەکانی جیاکەرەوەی قۆناغی دەرەبەگی و کلاسیکی سیاسەت لەگەڵ سەردەمی ئێستا دیموکراسی و پێشکەوتنخوازی دا ئەوەیە کەبتواندرێت دیموکراسی ببێتە کایەکی کرداری ئاکاری سیاسییەکانی حیزبەکانی کۆمەڵگە!

سەرفەنەزەر لەوەی وشەی دیموکراسی کەی سەری هەڵداوە و لەلایەن کێ و چۆن بەکاردەهێندرێت؟!

یەکێک لەهەنگاوە کردارییەکانی دیموکراسیش ئەوەیە کە چەقی هەنگاوەکانی حیزبایەتی گفتوگۆکردن بێت لەسەر هەنگاوەکانی داهاتوویی حیزب وکۆمەڵگە.

هەر کاتێکیش چەقی هەنگاوەکانی داهاتوویی ڕێکخراو و حیزب و گرووپە جیاوازو هاوشێوە فکرییەکان و پێچەوانەیەکانیش لەڕوویی بڕوابوون بەجۆری فکرو بیرکردنەوە و جۆری تەنانەت ئایین و نەتەوەش باوەڕیان بە گفتوگۆی ڕاستگۆیانەی دیموکراسی هەبوو هیچ کاتێک ناچاری ئەوە نابن دەست بۆ چەک بەرن بۆیەکلاکردنەوەی کێشە وگرفتە فکری و بۆچوون و جیاوازییەکانیان دواتر هەر هەنگاوێکیان بەشەڕی چەکداری ببێتە هۆکاری تێکدانی ئارامی و لەناوبردنی ژینگەی جوان و لەناوبردنی گیانی هاوڕێبازو هاوسەنگەرو هاوفکر و هاو حیزب وڕێکخراوی خۆیان یان جیاواز لەناو بردنی مرۆڤی جیاواز لەبیرکردنەوە و فکرو بۆچوون لەخۆیان.

لێرەوە پێویستی ئەوپرسیارە دێتە گۆڕێ کەئاراستەی کادیرانی حیزبەکانی کۆمەڵگە دەکرێت ئەویش ئەوەیە ئایا ئەو حیزبانەی کە ئێوە تێیدا تێکۆشان دەکەن و مێژوویێکتان لەتێکۆشان لەژێر ناوی بەرگری لەشکۆی مرۆڤ و ئازادی و یەکسانی و سەربەخۆی و ژیانێکی باشتر و گەلێکی بەختیارو دادپەوەرو مافی مرۆڤدا ئەنجام دەدەن لەهەنگاوەکانی حیزبەکەتان گفتوگۆ لەگەڵ ئێوە کراوە کەدواتر بڕیارەکانی حیزبەکە کۆدەنگی لەسەرکرابێت؟

کاتێک دەست بۆچەک دەبرێت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەو گرفتەکانی ناوخۆی حیزبێک یان لەگەڵ حیزبێکی هەمان کۆمەڵگە لەشوێنی ژیانی خەڵکدا ئەمە ڕێک بەمانایی هەبوونی ئیفلاسی سیاسی و تێکشکاندنی فکری سیاسی هەمان حیزب دێت کە هەموو شتێک دەکاتە بەرز ڕاگرتنی وتەکان و بۆچوونەکانی سەرۆکی حیزبەکان.

لێرەوە دەبێت بگەڕێنەوە سەر باسی سیستەمی فاشیزم کەچۆن شەرعیەت دەدات بە لەناوبردنی جیاوازییە فکری و ڕەخنەییەکان و ئازادییەکان لەپێناوی ئەوەی درێژە بەدەسەڵاتی زۆرەملێیانەی خۆی بدات نەک تەنها بەلایەوە زۆر نۆرماڵ و ئاسایی دەبێت ئارامی خەڵک و ژیانی خەڵک تێکبدات، بەڵکو زیاتریش هەنگاوی کرداری دەنێت ئەویش ئەنجام دانی سەرکوت و زیندان و کوشتن لەوە زیاتریش، بەڵکو زۆرجار شەڕو کۆمەڵ کوژیشی هەر لەلائاسایی دەبێت، چونکە لەلای گرینگە دەسەڵاتی سەرۆک پارێزراوبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەی سەرجەم ڕژێمە سەرکوتگەرو فاشیزمەکان بەدرێژایی تەمەنیان بۆ یەک چرکەش ڕانەوەستاون لە هەنگاونان بۆ بەرتەسکردنەوەی ئازادییەکان و لەناوبردنی ئارامی کۆمەڵگە و لەناوبردنی مرۆڤە بەهەڵوێست وتێکۆشەرە ئازادیخوازو یەکسانیخوازەکان، بەڵام لەکۆتاییدا کردەوەی دژەئینسانی خۆیان کە ئەم جۆرە هەنگاوانەیان بەلاوە ئاسایی بووە و یاسایی زۆرە ملێیان بۆ دانەوە دواتر جێبەجێیان کردووە لەدوایی دا بەهەڵکەندنی گۆڕی خۆیان وەک دەسەڵات وجۆری سیستەمی فاشیزمان کۆتایی پێ هاتووە لەلایەن خەڵکەوە. کەوایە کە هەر حیزب و ڕێکخراوێک پڕوپاگەندەی هەبوونی باوەڕبوون بە چەمکی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕین و چەپ و کۆمۆنیزم هەبێت دواتر لەژێر هەر بیانوێکدا بێت بۆیەکلاکردنەوەی کێشەو گرفتەکانی (بۆچوون وفکری) یان شێوازی هەنگاونانی پەنا بۆ شەڕ بەرێت لەگەڵ هەمان حیزب وڕێکخراو یان حیزبێکی تر لەهەمان کۆمەڵگەدا ئەوا نیشانەی ئیفلاسی سیان دەردەخات و دواتر تووشی ڕوکوت وپاشەکشەی سۆزی جەماوەری گشتی دەبن.

هەربۆیە باشترین هەنگاوی چارەسەر ئەوەیە لەناو حیزب وڕێکخراوەکان کە پڕوپاگەندەی تێکۆشانی هێنانەدی دیموکراسی و مافی مرۆڤ وئازادی ڕادەربڕین ویەکسانی و ژیانێکی باشتر دەکەن و باوەڕییان بە نوێ بوونەوەی کۆمەڵگە هەیە، پێویستە ئەم چەمک و وشانەی وەک دروشمی گشتی حیزب وڕێکخراوەکان لەکۆنگرەکەیانەوە بەرزی دەکەنەوە بەکردار لەناو ڕێکخراو و حیزبەکاندا گەشەی پێبدرێت و بکرێتە کرداری ڕۆژانەی گشتی کادیرو ئەندامانیان. یەکێک لەهەنگاوە پێویستییەکانیان بۆ بردنە پێشەوەی ئامانجە ئینسانی یەکانیان گەشەدان و گفتوگۆکردنە لەسەر هەنگاوەکانیان و گەشەدانی دیموکراسی و ئازادی ڕادەربڕینە، نەک تەنها لەگەڵ هەمان فکرو بۆچوون و حیزب و ڕێکخراوێک کە لەناوی دا تێکۆشان دەکەن، بەڵکو باشتریشە لەگەڵ حیزب و ڕێکخراو و فکرە جیاوازەکانی تریشدا گەشە بە گفتوگۆی جدی بدەن لەسەر بەرگریکردن لەئازادی ڕادەربڕین و دیموکراسی و یەکسانی دا، لەپێناوی هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی نوێ ترو باشتر. ئەوەی کە پێویستە سەنگەری لەبەرامبەر بەهێزبکرێت ڕژێم ودەسەڵاتی فاشیزمە بۆئەوەی بڕوخێت ونەمێنێت دواتر خەڵک خۆی کۆمەڵگە لەڕێگای شوراکانییەوە بەئیدارەدانی شورایی بەڕێوەبەرێت..



پرسی ژن ؟

بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر

# جۆرێکی دیکە لە توندوتیژی...

بەردەوام لەبارەی توندوتیژی دژی ژنان دەوترێت و هەڵمەت و چالاکی لە هەموو دونیایدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردەیە لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە ڕێکدەخرێت، نەک تەنیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، بەڵکو بۆ هۆشیارکردنەوەی ژنان لەو حاڵەتە تاوەکو چیتر بەرامبەر ئەو جۆرە تاوانانە بێدەنگ نەبن و بەرەنگاری ببنەوە و پارێزگاری لە خۆیان بکەن، ڕەنگە وابزانرێت دیاریکردنی پیاوێکی توندوتیژ ئاسان نەبێت و سەرەتا لەماوەی یەکترناسین و دەزگیرانداریدا نەتوانرێت هەست بەوە بکرێت ئایا ئەو پیاوە توندوتیژە یان نا، بەڵام ئەگەر کچێک کەمێک هۆشیار بێت و حەزو خۆشەویستی کوێری نەکردبێت تاڕادەیەکی زۆر دەتوانێت بزانێت ئەو کوڕە لە داهاتوودا دەبێتە پیاوێکی توندوتیژ یان نا، چونکە زۆر

**به راستی من نازانم ئایا لێره وەکو هەرێمی کوردستان تا ئێستا یاسایەك هەیە مێرد لەسەر لاقەکردنی ژنەکەی سزا بدرێت؟ ئەگەر نییە بێگومان ئەرکی هەمووانە چ میدیاکاران و چ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەوڵبدرێت بۆ هۆشیارکردنەوەی ژنان بەوەی چیتر بێدەنگ نەبن و ئەوە شتێکی ئاسایی نییە و نابێت بەزۆر ئەو کردارەی پێبکرێت، هەروەها چەسپاندنی ئەو حاڵەتە وەکو تاوان لە یاسادا و دانانی سزای گونجاو بۆ تاوانباران....**

ئاماژە هەیە ئەگەر وردبیت دەتوانیت بزانیت ئەوە بەرەو کوێ دەتبات.

## دیارترین هۆکار

دیارترینیان دڵ پیسییە کە شتێکە دەگمەنە بتوانرێت بشارێتەوە و وەکو حاڵەتێکی دەروونی وایە کەسەکە ناتوانێت ئەو دڵپیسییەی خۆی بشارێتەوە، بەڵام ڕەنگە لەبەرئەوەی کچ لەو قۆناغەدا دونیا وەکو دەوترێت بە پەمەیی دەبینێت وابزانێت ئەوە ئیرەبردنێکی ئاساییە و لەبەرئەوەی خۆشیی دەوێت وادەکات، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەگەر دڵپیسی بێت و لەسەر جلوبەرگێک یان کەسێک کۆنترۆڵی خۆی لەدەستبدات و ببێت بەکەسێکی تر و بەشێوەیەکی ناشیرین بەرامبەرت ڕەفتار بکات و قسەی نەشیاو بکات بزانە ئەوە دڵپیسییە، ڕەنگە بوترێت دڵپیسیی پەیوەندی چییە بە توندوتیژییەوە؟ بەڵێ پەیوەندی هەیە، چونکە دڵپیسیی پاڵنەرێکە لە پاڵنەرەکان تاوەکو کەسەکە جیاواز لە سروشتی ئاسایی مرۆڤێک ڕەفتار بکات و ڕەنگە دواجار بیکاتە کەسێکی توندوتیژ.

هەروەها ئاماژەی دیکە هەیە بۆ ئەوەی بزانیت ئەو کەسە لە داهاتوودا دەبێتە کەسێکی توندوتیژ جا مێرد بێت یان خۆشەویست، کاتێک لە سادەترین ناکۆکیدا ئەوەی پێیدەوترێت توندوتیژی بە زمان لەگەڵتدا بەکاربێنێت وەکو قسەی نەشیاو و جنێودان کەسێک بەو شێوەیە بێت بەدووری مەزانە لە ساتێک لە ساتەکاندا لەگەڵ بەکارهێنانی جنێودا بکەوێتە لێدانیشت، چونکە زۆربەی زۆری حاڵەتەکانی ئەو ژنانەی توندوتیژییان بەرامبەرکراوە سەرەتا پیاوەکە بە جنێو و قسەی ناشیرین دەستیپێکردووە و لە کۆتاییدا بووە بە توندوتیژیی جەستەیی.

## لاقەکردن وەکو توندوتیژی

زۆر هۆکاری دیکە هەیە پیاو دەکاتە کەسێکی توندوتیژ وەکو ناتەواوی باری دەروونی یان ئاڵوودەبوون بەهەر شتێکەوە بێت، بەڵام ئەوەی من دەمەوێت لێرەدا باسی بکەم کە بە جۆرێک لە جۆرەکانی توندوتیژیی دادەنرێت ئەویش دەستدرێژیی سێکسی یان لاقەکردنە لەلایەن مێردەوە، ڕەنگە زۆر کەس ئەوە بە توندوتیژی نەزانن بەو پێیەی مادام مێردێتی مافی خۆیەتی کەی بیەوێت و چۆن بیەوێت بە زۆریش بێت ژنەکەی حەزە سێکسییەکانی تێر بکات، بەڵام ئەو بیرکردنەوەیە هەڵەیە و ئەم مەسەلەیە لە دونیادا نوێیە و ساڵانێکی زۆری ویستووە تاوەکو لاقەکردنی ژن لەلایەن مێردەوە وەکو تاوان و توندوتیژی جەستەیی پێناسە بکرێت و ئەوەتا لە ساڵی 2019 دا تەنیا 150 دەوڵەت لاقەکردن لەلایەن مێردەوە بە تاوان دادەنێن و یاسایان بۆ داناوە تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا سزاکەی دەگاتە بەندکردنی هەتاهەتایی وەکو وڵاتانی بەریتانیا و کۆریای باشور و مۆڵدۆڤا..هتد لە بەریتانیا بۆ یەکەمجار ئەو حاڵەتە بە تاوان ناسێنرا دوای ئەوەی ژنێک داوای لاقەکردنی دژی مێردەکەی بەرزکردەوە و کەیسەکەی ناونرا کەیسی (R VS R)ئەو ژنە لە ساڵی 1991 دا داواکەی بەرزکردەوە و دوای ساڵێک لە بەردەوامبوون لە داواکە و بەرزکردنەوەی بۆ دادگای پێداچوونەوە دادوەرەکان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی لاقەکردن لە چوارچێوەی ژن و مێردایەتیدا پاساو نییە بۆ ئەو تاوانە و بە تاوان لە قەڵەمدرا و بەو شێوەیە بەهەموو لایەنەکانییەوە یاساکە هەموارکرا کە مەرج نییە ئەو دوو کەسە بە یاسا ژن و مێرد بن، بەڵکو ئەوانەش دەگرێتەوە کە وەکو ژن و مێرد پەیوەندییان پێکەوە هەیە و لەماڵێکدا دەژین و هەر کردارێکی سێکسی بە زۆر و بەبێ ڕەزامەندی ژنەکە ڕوویدات بە تاوان دادەنرێت و پیاوەکە سزا دەدرێت.

## یاسایەك نییە بۆ ئەو تاوانە

لەماوەی پێشوودا یەکێک لەو وڵاتانەی دووبارە گفتووگۆی لەبارەی ئەم بابەتەوە تێدا وروژا کە ئایا تاوانە یان نا ئەویش میسر بوو، دوای ئەوەی چەندین شایەت لەنێویاندا هونەرمەند و هەندێ کەسایەتی ناسراو بوون باسیان لەوە کردووە کە دووچاری توندوتیژی و لاقەکردن لەلایەن مێردەکانیانەوە بوونەتەوە، ڕاستە لە زۆر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لاقەکردن یان توندوتیژی دژی ژنان بە تاوان دانراوە و یاسای بۆ هەموارکراوە، بەڵام تا ئێستا یاسایەک نییە لاقەکردنی ژن لەلایەن مێردەوە بە تاوان دابنرێت بەو پێیەی وای دادەنێن ئەوە شتێکی ئاساییە و مادام مێردێتی مافی خۆیەتی ئەوەی بیەوێت بەدەستی بێنێت، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەوانەی یاساکان هەموار دەکەن زیاتر پیاون هەروەها تا ئێستا بە گشتی تێنەگەیشتوون لەوەی ژن وەکو پیاو مرۆڤە و لە پلە دوودا دانەنرێت و ئەویش بۆی هەیە لەو مەسەلە تایبەتییانەدا ڕای هەبێت، کە بە ڕای من ئەو مەسەلەیە یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی ژیانی ژن و مێردایەتی و ڕوودانی ئەو حاڵەتە چەوساندنەوەی ژنە و بێگومان جۆرێکە لە جۆرەکانی توندوتیژیی دژی ژنان و مەترسییەکەشی لەوەدایە زۆربەی حاڵەتەکان بێدەنگی لێدەکەن یان ڕەنگە ئەو ژنانەی وایان لێ بەسەردێت وابزانن ئەوە ئاساییە و مافێکە لە مافەکانی پیاو.

بە ڕاستی من نازانم ئایا لێرە وەکو هەرێمی کوردستان تا ئێستا یاسایەک هەیە مێرد لەسەر لاقەکردنی ژنەکەی سزا بدرێت؟ ئەگەر نییە بێگومان ئەرکی هەمووانە چ میدیاکاران و چ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەوڵبدرێت بۆ هۆشیارکردنەوەی ژنان بەوەی چیتر بێدەنگ نەبن و ئەوە شتێکی ئاسایی نییە و نابێت بەزۆر ئەو کردارەی پێبکرێت، هەروەها چەسپاندنی ئەو حاڵەتە وەکو تاوان لە یاسادا و دانانی سزای گونجاو بۆ تاوانباران.

**نووسینی: ڕۆژا دڵشاد مەریوانی**

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر،وریای رەسام، حەکیم میرزا

گۆشەی ئەدەب و هونەر

# ترس لەپانتایی دەقدا..؟

## نووسینی: جەمال نوری

گەر بمانەوێ شرۆڤەو شیکاری ئەم دەقە شیعریە بکەین، دەبێ لەماناو مهدلولی ئەو ترسە بگەین کە پانتاییەکی فراوانی لەزمانی شیعری شاعیردا داگیر کردوە، واتە (هەڵەبجەیی) ئەو ترسەی کەلەلای خۆیەوە وێنای کردوە بۆمان (ترسێتی) لە مردنی کتێب، ترسێک کە ئیدی کۆمەڵگە دادەرزێنێ و وڵات بەرەو دارمان و گەندەڵی دەبات، ئەو
ترسە هەموو جوغزێکی داگیرکردوە و هیوایەکی نەهێشتۆتەوە، تاوەکو بینای ئومێدی لەسەر بکرێ، ئەوی شاعیر وەک تاکێکی سوودمەندو تەندروست دەیەوێ کۆمەڵگەکەی بەو ئاڕاستە مەترسیدارەدا هەنگاو هەڵنەهێنێ، چون ئەو ڕێگایە سبینێی داوە لەسێدارەو هیواکانی لەپشتە ملەوە سەربڕیوە، واتە ترسی شاعیر ترسێکی بابەتی و واقعییە، لەئێستاوە تاک بەتاکی کۆمەڵگەکەی لێ بەئاگادێنێ، ئەو لەبەر ئەوەی ئارەقەی بۆ بونیادی دیموکراسی و سەرخان و ژێرخانێکی سەردەمیانە ڕشتوە نایەوێ ئ ایندەی تەڵخ و لیڵ بێ و سبەینێی نادیار بێ گەنجەکانی مەملەکەت لە ئەلف و بای ژیان نەگەیشتبێتن.

هەروەک لێرەدا موخاتەبەی کۆمەڵگەکەی دەکات و دەڵێ:-

من ئەترسم

نەوەی جیلەکەی تۆ بڕواو

ئیترناوی کتێب بمرێ

هەڵبەتە شاعیر لەو ڕاستییە بەڵگەنەویستە باش تێگەیشتوە، کە هەر کۆمەڵگەیەک بە قۆناغی گەشەکردنی کۆمەلایەتی خۆیدا ڕاگوزەر نەبووبێ، ئەوا بێ شک ئەو کۆمەڵگەیە ئاینندەی ناڕوون و سبەینێیان نادیار دەبێ، ئینجا ترسی هەڵەبجەیی لەوەیە کە نەوەی جیلی ئێمە بڕواو کتێب بمرێ، واتە خەمە
گەورەکەی شاعیر خەمی کتێبە، خەمی نوسینە، شاعیر جوانی پێکاوە، هەر کۆمەڵگەیەک گەنجەکانی لەم سەردەمی پۆست مۆدێرنەیەدا گاڵتەی بە پیرۆزییەکانی وەک مرۆڤ و خاک و سروشت و ئاو و هەواو نیشتمان بێ، ئەوا بێشک دژ بە هەموو جوانیەکان دەوەستنەوە، وەک ئەوە وایە دژ بە خوێندنەوەبن. بۆیە بەدڵنیاییەوە نوسەری باشی تیا هەڵناکەوێت، چون خوێنەری باش نووسەری باش بەرهەم دەهێنێ، نوسەری باشیش بەوانە دەڵێن کەخاوەن نوسینی هاوچەرخ و بابەتین؛ هیچ نووسەرێکی گەورە، بەبێ تووڕەیی،



ناتوانێت بنووسێت؛ و بەبێ نووسین، ناتوانێت لە پشت تووڕەیی خۆیەوە دەرکەوێت. ڕەنگە هەر لەبەر ئەمە بێت کە فرۆید، لە کتێبی »شارستانییەت و نیگەرانییەکانی«دا، دەڵێت :-

"شارستانییەت یەکەمین جار لەو شوێنەدا دەستی پێکرد کە مرۆڤی تووڕە لەجیاتی بەرد »وشە«ی هاویشت."

لێرەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی کەکتێبەکان، ئەرشیفی تووڕەییە دامرکاوەکانی نووسەرەکانیانن. هەرچەندە، هەندێکجار، نووسین ڕێگایەکە بۆ پاراستنی خود لە تووڕەیی، بەڵام ڕێگایەکی باش نییە بۆ دامردانەوەی. کتێب، کاتێک دەخەسێنرێت کە نووسین و خوێندنەوەی بگۆڕێت بە ڕێگەیەک بۆ دامرکاندنەوەی تووڕەیی. دەبێت بنووسین تا تووڕەیی بگۆڕین بۆ »ماڵ«ی خۆمان، دەبێت بنووسین تا لە تووڕەییدا نیشتەجێ بین؛ ئەوەی کە ماڵێکی نییە یا دەبێت لە تووڕەییدا بژین یا نووسینیان بۆ جەنگکردن لەگەڵ تووڕەیی بەکار نەهێنن، بەڵکە جۆرێک تووڕەیی ناتەبایان سەبارەت بە مرۆڤ پەرە پێداوە، تووڕەییەک بۆ پەڕینەوەیەکی ترسناک بەرەو نووسین. لەم ڕووەوە، کتێبی خراپ، ئەو کتێبەیە کە مرۆڤ ئارام دەکاتەوە؛ و کتێبی بێنرخ، ڕێگەی ژیان نیشان دەدات. بەڵام کتێبە گەورەکان، نەریتێک دەچێنن کە مرۆڤ لەپاڵ ئاگری تووڕەیی نووسەردا نیشتەجێ ببێت، و نەک چێژ و جوانی، بەڵکە تووڕەیی نووسەر بە مرۆڤ دەبەخشن.

نامەیە بۆ کاکەجەمالی ئازیز

کەهەرجارێک

زنجیری خەیاڵم دەپسێ

ئەم خاتەوە سەرکەڵکەڵەی

شیعر نوسین

(ترسێک


لەسبەینێی نادیار!!!)

بۆ لاپەڕە... 12



# دەمە تەقێ...

## گفتوگۆیەکە، لە نێوان هونەرمەند کاوان قادرو وریای رەسام



**وریای ڕەسام: ئەو پێوانەیە چی یە کە بتوانین بە کەسێک بڵێین هونەرمەندی جیهانی؟**

**کاوان قادر:** هەرچەندە ئەمە ئارگیومەنتێکی زۆر قوڵە و دەکرێ سیمیناریش هەڵبگرێت، تا ئەو جێگەیەی پێم وایە ئەمە لە ڕوانگەو ئایدیۆلۆژی جیاوازەوە وەڵامی جیاوازیش لەخۆ دەگرێت، منیش لە ڕوانگەو بیرکردنەوەی خۆمەوە ئەمەوێت وەڵامت بدەمەوە.

من لام وایە هەموومان دەربڕینی جیهانی بوونمان بە پۆزەتیف بوون وەرگرتوە بۆیە ئەگەر جیهانی بوون بکرێ بە پاشگری هەریەک لە ئێمە، بێگومان شانازی پێوە دەکەین، واتە لەو شوێنەوە کە ئەم جیهانی بوونە بۆتە پاشگری شتومەک و تەنانەت ئینسانەکان، جیهانی بوون بە مانای شکۆدار بوون دێت، بەڵام ئایا پێوانەکە چی یە؟

من مەبەستم ئەوە نییە هەموو کەس لە قاڵبی بیرکردنەوە خۆمدا بگونجێنم، بۆ نمونە یاری زانێکی عالەمی واتە نمونەی باشترین یاریکەر توانایەکی بەرزتر لەوانی تری تێدایە، مومارەسەکردن و بەهرەو ئارەزووییەکی زۆری بۆ یاری کردن بەو ئاستەی گەیاندووە لە جیهاندا بناسرێت و خەڵکی بەگشتی کاتێکی خۆشی لەگەڵدا بە سەیرکردن دەبەنە سەر، دەتوانیت بڵێیت شتێکی تەفریحی یەو دورە لە مەسەلەی سیاسەت پرسیارەکەی تۆ لەم بەشەدا نییە.

گرێیەکە لێرەوەیە با وای دابنێین جیهانی بوون بەمانای داهێنان و تازەگەری یە، لە سوننەتدا سیفەتی جیهانی بوون بەرهەمی کارێک بووە بەشەر لەژێر سایەیدا حەسابێتەوە یان ژیانی پێ گۆڕابێت، کەیتە کۆڵویتز (K□the Kollwitz)هونەرمەندی سۆشیالیست و دژی نازییەت کە بە کارە هونەرییەکانی ئێش و ئازارەکانی ئەو چینەی بەیان دەکرد لە هەر گۆشەیەکی ئەم جیهانەدا بێت خەڵکانی برسی و قوربانیانی شەڕ بە هونەرمەندی خۆیانی دەزانن. گیۆرنیکا ئەو تابلۆ بەهێزەی فڕانسیسکۆ پیکاسۆ (Pablo Picasso)کە لە ساڵی ١٩٣٧ لە دژی شەر نەخشاندویەتی، جەنگ ڕیسوادەکات، تابلۆی ئایاری ٣ کە فڕانسیسکۆ گۆیا (fransisco goya)وێنەی سەربازەکانی ناپلیۆن دەکێشێ کە چۆن لە داگیرکاریەکانیدا تاوان ئەخوڵقێنێ، ئەمانەو هەزاران نمونەی لەو شێوەیە دەتوانیت بە بەشێک لەو پێوانەیە وەریبگرین کە کاری ئینسانی ئەو شکۆیەمان پێ ببەخشێ و بە جیهانی بوون بناسرێتەوە.

کەواتە جیهانی بوون بەشداری بوونە لە خۆشی و ناخۆشییەکانی کۆمەڵگە، بەشداربوونە لە بەرەو پێش بردنی کۆمەڵگە، داهێنانە، حەق بێژی یە، عەدالەتخوزی یە، قوربانیدان و شۆڕشگێڕ بوونە، خۆ نەویستی وسادەییە، دەبێت کۆمەڵگە بە سیفەتێکی باش بتناسێتەوە.

ئاوا نی یە کە لە گۆشەیەکی ئەم جیهانەدا یان لەدەرەوەی وڵاتەکەی خۆت پەیکەرێک دروست بکەیت یاخود لە وڵاتێکی دورە دەست پێشانگەیەک بکەیتەوە ئیتر ببیت بە هونەرمەندی جیهانی یان خۆت بە هونەرمەندی جیهانی بناسێنیت، ڕاستی یەکەی ئەوەیە سەرەتاییترین پڕانسیپ بۆ ئەو مەسەلەیە کە خەڵکی بە کارەکانت ئەو نۆبڵەت پێ ببەخشێت نەوەک خۆت.

لەلایەکی ترەوە جیهانی بوون دەرکەوتن لە چاوی کامێرەو ئیعلامەوە مەرجی جیهانی بوون نی یە. لەمڕۆی نیزامی سەرمایەداریدا زۆر فیگۆر و شەخسییەت هەن لە جیهاندا ناسراون ودەرکەوتوون بەهۆی حساب بانقەکانیانەوە، یاخود بەهۆی حزبێکی سیاسییەوە، هەرچەندە ململانێ و مونافەسەی بازاڕ هەر ڕۆژەی دەم وچاوێک هەڵئەتۆقێ و دەیخاتە بازاڕەوەو مەشهوری دەکات، لە جیهانیشدا کەم کەس هەیە ناویانی نەبیستبێت،

نیزامی سەرمایەداری ماناو مەفهومی زۆر شتی گۆڕیوە، خەریکە مانای ڕاستەقینەی جیهانی بوونمان بیر دەباتەوە، خەریکین ببینە بەشێک لەو عەقڵییەتە لەو ئینحرافەی کراوەتە بەر هەڵسەنگاندنی ئینسانییەت، ئەم نیزامە دەیەوێت پێمان بڵێت هەتا کۆشکەکەت بەرزتر بێت نرخت بەرز ترە، دەیەوێت پێمان بڵێت گرینگ نی یە چەند زەحمەتکێشیت یان بەهرەمەندیت گرینگ ئەوەیە چەند لە حسابەکەتدا هەیە، زانکۆی هارڤەرد (Harvard University)کە یەکێکە لەو زانکۆیانەی لە زانستدا لە لوتکەدایە بەڵام کاتێ (کیم کارداشیان) سەردانی دەکات بەڕێوەبەری زانکۆکە کورسییەکەی خۆی بۆ چۆڵ دەکات ئەمە وەک مەتەڵێک وایە نەک لەبەر ئاستی زانستی کیم، بەڵکو لەبەر دەوڵەمەند بوون وسەرمایەکەیەتی. پرسیارەکە ئەوەیە شوهرەت ناوبانگی شەخسی و ئیمکانات کەی بۆتە پێوانەی شکۆداربوون؟ کەی گرێ کوێرەی ژیانی ئینسانی کردۆتەوە؟ شکۆدار بوون بۆ ئەو کەسانەیە کە گۆشە تاریکەکانی ژیانی بەشەرییەت ڕوناک دەکاتەوە، کارەساتەکانی پشتی دیوار ئاشکرا دەکات نەک پێچەوانەکەی.

ناوبانگێک و نۆبڵێک، بێ گومان ئەم قسەیەم بۆ ئەو کەسانەیە کە بەدوای ناوو ناوبانگییەوەن، هەروەک وتم لەمڕۆی نیزامی سەرمایەداریدا هیچ سەخت نییە چاوی کامێرکان بچنە سەرت تەنانەت تاوانێکیش بکەیت هەر چاوی کامێرە دەچێتە سەرت و ناوەکەی جیهانی ی ئەبێتەوە، بەڵام ئایا کێ دەتوانی ئەو پۆستەی هەبێت؟ کارەساتەکە ئەوەیە کە نەزانی هیچ نازانیت....

# بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ...

بەشی بیستەم

## ریفۆرم و شۆڕش

## هۆیەکانی ڕاگەیاندنی گشتی و پەیوەندیگرتن




دەستراگەیشتنی هەموان بە بلاوکراوە پرتیراژەکان و رادیۆ و تەلەفزیۆن و کەناڵە ئاسمانیی‌یەکان و ئینتەرنێت. دامەزراندنی تۆرەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆن و کەناڵە ئاسمانیەکان‌و ئینتەرنێت و لەلایەن دەوڵەتەوە و دابەشکردنی سەعاتەکانی پەخش بەسەر شوراکان، دامەزراوەکان، مەڵبەندەکان و ئەنجومەن و حیزبە جیاجیاکاندا کە لە دانیشتووانی وڵات پێکهاتوون. لابردنی هەرجۆرە سانسۆرێک، بە سیاسی و غەیرە سیاسی‌یەوە لەسەر میدیا و تۆرەکانی بلاوکردنەوە و پەیوەندیگرتن.

– دەستراگەیشتنی هەموان بە تۆرەکانی تەلەفۆنی ئەرزی و مۆبایل بەپێی پێشکەوتوترین ستانداردی جیهانی. قەدەغەکردنی هەر جۆرە سانسۆرێک لەسەر تۆرەکانی تەلەفۆن.

داننان بەو زمانانەی کە لە وڵاتدا بەکاردێن

قەدەغەکردنی زمانی رەسمی زۆرەملێ. دەوڵەت دەتوانێ یەکێک لەزمانە باوەکانی وڵات وەکو زمانی ئیداری و فێرکردنی سەرەکی دیاری بکات، بەو مەرجەی کە ئیمکانات و ئاسانکاری پێویست لە مەیدانەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فێرکردن بۆ ئەو کەسانە فەراهەم بکرێت کە بە زمانەکانی دیکە قسەدەکەن.هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەبێت کە بتوانێ بە زمانی دایکی خۆی لە هەموو چالاکیە کۆمەڵایەتیەکاندا بەشداری بکات و لە هەموو ئیمکاناتە کۆمەڵایەتیە گشتیەکان بەهرەمەند بێت.

گۆڕینی ئەلفوبێی کوردی

بەمەبەستی کۆمەک کردن بە کۆمەڵگا بۆئەوەی چیدی لە کاروانی پێشکەوتنی زانستی و پیشەسازیی‌و کەلتووریی جیهانی ئەمڕۆ دوانەکەوێت و بەمەبەستی کۆمەک کردن بە بەهرەمەندبوونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ناز و نیعمەتی ئەم پێشکەوتنانە و دەرفەتی بەشداریکردنی راستەوخۆتر و چالاکانەتری ئەوان لە ژیانی زانستی و کەلتووریی جیهانی هاوچەرخدا، دەبێ ئەلفوبێی کوردی لە پرۆسەی بەرنامەیەکی زانستیدا بگۆڕدرێت بە ئەلفوبێی لاتینی.


سەرەڕای ئەمە وەرلەم پێناوەدا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خوازیاری ئەوەشە کە:

-بەمەبەستی کردنی هەنگاوبەهەنگاوی زمانی ئینگلیزی بەزمانی فێرکاری و بەرپەوبردنی باو لە وولاتدا، هەر لەساڵەکانی یەکەمەوە ئەم زمانە لە خوێندنگاکاندا بخوێنرێت.

-دانانی رۆژمێری زاینی، کە ئەمڕۆ رۆژمێری رەسمیە لەئاستی نێونەتەوەییدا، لەپاڵ رۆژمێری لۆکاڵیدا، وەکو رۆژمێری رەسمیی وڵات و راگرتنی بەکارهێنانی رۆژمێری کۆچی.

# پێناسەیەکی کتێبی "دۆستەکانی گەل کێن و چۆن شەڕی سۆشیال دیموکراتەکان دەکەن"، لینین ١٨٩٤






ئەم کتێبە خۆی ئەنجامی هەندێ وتاری لینینە کە لە حەلقەی مارکسیستی سەمارادا پێشکەشی کردوە و تیایدا رەخنە لە ناردۆنیکە لیبراڵە دژە مارکسیستەکان دەگرێ. لینین لە ساڵانی ١٨٩٢-١٨٩٣ لە سەمارا دەستی بە کارکردن لەسەر ئەم کتێبە کردووە. بەشی یەکەمی کتێبەکە لە مانگی حوزەیرانی ١٨٩٤ لە سانت پترسبۆرگ چاپ کرا و بە شێوەیەکی نایاسایی لەوێ و لە شارەکانی دیکەدا بلاوکرایەوە. چاپی دووەمی بەشی یەکەم بە بێدەستکاری لە تەممووزی ساڵی ١٨٩٤ دەرچووە.

لە ساڵی ١٨٩٣ لینین پەیوەندی بە یەکێک لە حەلقە مارکسیستەکانی شاری پترسبۆرگ کرد. لینین هەوڵی ئەدا بۆ یەکخستنی گروپە مارکسییەکان و کۆتاییهێنان بە دۆخی پەرشوبلاویان لە ڕێگەی پروپاگەندە و ڕێکخستن لە نێوان کرێکاراندا بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی شۆرشگێرانە بۆ سەرکردایەتیکردنی خەباتی سیاسی کرێکاران. ململانێی ئایدیۆلۆژی لەو سەردەمەدا لە نێوان پۆپۆلیستە لیبراڵەکان و سۆسیال دیموکراتەکاندا زۆر چڕ بوو بوو. بیرمەندی مارکسیستی رووسی پلیخانۆڤ (١٨٥٦-١٩١٨) رۆڵی گرنگی هەبووە لە رووبەڕووبوونەوەی بیروباوەڕی لیبراڵ و بلاوکردنەوەی مارکسیزم.

لینین لەم کتێبەدا مامەڵە لەگەڵ لایەنی فیکری پەرەسەندنی بزووتنەوەی سۆسیال-دیموکراسی لە رووسیا دەکات. لەو قۆناغەدا کە شۆڕشە بۆرژوازیەکان لە ئەوروپا سەرکەوتوو بوون و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی فیوداڵی بەرەو کۆتایی دەچوون و سیستەمی سەرمایەداری دەستی بە پێکهاتن کردبوو. لە کاتێکدا سیستەمی فیوداڵی لە رووسیا بە پشتیوانی دەوڵەتی تزاری و زاڵبوونی سیستەمی کۆیلایەتی لە لادێکانی رووسیا رێگەی پێدەدرا، دواتر بەهۆی فشاری جەماوەرییەوە، بەلەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی فیوداڵەکان، بە شێوەیەکی یاسایی هەڵوەشایەوە و لەگەڵیدا سەرەتاکانی هاتنە ناوەوەی سەرمایەداری لە رووسیا و سەرهەڵدانی کارگە و هێڵی ئاسن بوو.


لە لادێکانی رووسیا دوو چین دروست بوو بوون: بۆرژوازی گوندنشین و کرێکارانی لادێ، لە شاریش بۆرژوازی و چینی کرێکار دەرکەوتبوون، کە لە ناویاندا بیرۆکەی شۆڕشگێرانەی سۆشیال دیموکراسی شۆڕشگێرانە بلاو بوو بووە. لە هەمان کاتدا رەوتێکی سیاسیی کۆنەپەرست سەری هەڵدابوو، ئەویش "بزووتنەوەی گەل" بوو، کە داوای سوشیالیزمی یوتۆپی لە نێو جوتیاران دەکرد بۆ بەدیهێنانی چاکسازی، بەڵام بەبێ ئەوەی رووبەڕووی رژێم یان ئامێرە سەرکوتکەرەکانی ببنەوە.

لەو هەلومەرجە سیاسی و فیکریەدا بوو لینین ئەم کتێبەی نوسیوە. کتێبەکە سێ بەشە بەڵام بەشی دووەمیان لەدەستچووە. لینین لە بەشی یەکەمدا وەڵامی تێزەکانی پۆپۆلیستەکان کە لەسەر بنەمای بیری فەلسەفی ئایدیالیستی بۆرژوازی دامەزراوە، دەداتەوە. پۆپۆلیستەکان گەشەی مێژوویی بە ئاکامی چالاکی تاکەکەسیان دەزانی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەرئەنجامی چالاکی و ئیرادە و ئارەزووی مرۆڤن و دیاریکەری گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و مێژووین. نەیاری سەرەکییان میتۆدی مارکسیست بوو و تۆمەتباریان دەکرد بە شێواندنی ئایدیالی بیری هیگڵ. بۆیە ئەم کتێبە روانگەی مارکسیزمی خستەروو، ماتریالیزمی مێژوویی و لێکدانەوەی ئەو بۆ جووڵە و گەشەسەندنی کۆمەڵگاکان و مێژووی مرۆڤایەتی روون کردەوە و دەریخست دیالێکتیکی مارکسیستی لە پرەنسیپدا جیاوازە لەوەی کە فەیلەسوفی ئەڵمانی هیگل (١٧٧٠-١٨٣١) پێشنیاری کردبوو.

لینین بە بەکارهێنانی میتۆدی دیالێکتیکی بۆ جووڵەی سروشت و کۆمەڵگە و ئایدیاکان، رێبازی مارکسیستی شیکردبۆوە. ئەمەش لەو قۆناغە گرنگەی گەشەسەندنی بیری سۆشیالیستی لە رووسیادا، چەکێکی فیکری کاریگەر بوو بۆ خەبات دژی ئایدیالیستی بۆرژوازی و نوخبەگەراییدا. گۆڕانکاری شۆرشگێرانەی کۆمەڵگە لە رێگەی تێرامان و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی نایەتەدی.

ئەم کتێبە لە کۆتایی ساڵەکانی سەدەی نۆزدەم نووسراوە، بەڵام چالاکی و مشتومڕە فیکری و کاری رێکخراوەیی و پروپاگەندەکانی پێشەکین بۆ راپەڕینی ساڵی ١٩٠٥ دژی دەسەلاتی تزاری، کە وای لێکرد ئیمتیازات بە بەشێکی بدات و ئەمەش خۆی پرۆڤەیەک بوو بۆ شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧.

## ئازادی، بەرابەری، حکومەتی کرێکاری!



# د. سەلاحی گەرمیان: تەنیا ڕێگا بۆ ڕێگرتن لەداڕمانی قەوارەی هەرێم، نەمانی دەسەڵاتی کلیپتۆکراتی هەردوو حیزبی بنەماڵەیی و کوتاییهێنان بە قۆرخکرکاری و گەندەڵییانە لەڕێی ڕاپەڕینی سەرتاسەری خەڵکەوە...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز د.سەلاحی گەرمیان نووسەر و چاودێری سیاسی، سەبارەت" هۆکاری گوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم و پرسی پەسەندکردنی بودجە و ئایندەی قەوارەی سیاسی هەرێم...

**بۆپێشەوە: تادێت گوشارەکانی بەغدا لە ڕێگای بڕیاری یەک بەدوای یەکدا بۆسەر دەسەڵاتی هەرێم زیاد دەکات، هۆکاری ئەم زۆر بوونی گوشارەکان چییە؟**

**د. سەلاحی گەرمیان:** بنەماڵەی بارزانی کە بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەسەڵاتی خۆیان سەپاندووە لە هەرێمی کوردستان، تا دەهات لووتبەرز و لەخۆبایی دەبوون، بەتایبەت لە دوای کۆنترۆڵکردنی کێڵگە نەوتییەکان و مۆرکردنی گرێبەستی پەنجا ساڵە لەگەڵ ڕژێمی تورکیای ئەندامی ناتۆ. دوای ئەوەی تەواو ملکەچی داخوازییەکانی تورکیا بوون بە چاوپۆشیکردن لە لەشکرکێشی تورکیا و داگیرکردنی ڕووبەرێکی زۆری ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بەبیانووی بەرەنگاربوونەوەی PKK. تا وای لێهات باسیان لە ئابووری سەربەخۆ و دانانی هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشەی بازاڕی نەوتی جیهان دەکرد و پشتیان لەبەغدا کرد و زۆرجاریش بەشێوەیەکی گاڵتەئامێز، توانجیان لە دەسەڵاتی سیاسی لە بەغدا ئەدا، وەک ئەوەی (بەغدا موفلیسە) یان (ئەبینە دراوسێیەکی باش لەگەڵ عێراق).

پەندێکی عەرەبی هەیە ئەڵێت: هەرکە (کەڵەگا) کەوت، چەقۆبەدەستەکان زۆر ئەبن. ئەتوانین لە ئێستادا ئەم دەسەڵاتەی هەرێم بشوبهێنین بەو (کەڵەگا)یە. چونکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەو دەسەڵاتە ڕوو لە لاوازبوون ئەکات و تادێت پێگەی لەسەر ئاستی عێراق و جیهاندا لەدەست ئەدات، بەتایبەتی دوای فەشەلی سیناریۆی ڕیفراندەم و بڕیارەکانی دادگای پاریس و پابەندبوونی تورکیا پێیانەوە.

ئێستا دەسەڵات لە هەرێمدا چیتر ئەو(کەڵەگا) بەهێزەی جاران نەما و دەسەڵاتداران لەبەغدا ئەو ڕاستییانە ئەزانن و تورکیاش سەرەڕای دژایەتی مێژوویی لەگەڵ هەرشتێک بۆنی کوردی لێبێت، بەرژەوەندی لە کوێدابێت ڕوو لە ئەوێ دەکات. بێگومان بەرژەوەندی تورکیاش لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا دەیان جار زیاترە وەک لەوەی لەگەڵ قەوارەیەکی ناجێگیری وەک هەرێمی کوردستان.

خاڵێکیتر کە بووەتە هۆکاری گوشار لەسەر دەسەڵاتی هەرێم لەلایەن بەغداوە، تاکڕەوی پارتی و بنەماڵەی دەستڕۆیشتووی بارزانییە وەک ئاماژەم پێیدا، سەرەڕایی بەشداربوونی یەکێتی و گۆڕان لە کابینەی وەزاریدا، بەڵام هەژموونی پارتی دیاردەیەکی بەرچاوە. پارتی ئەو کاتە کەسێک یان لایەنێکی پێ قەبووڵە کە گوێڕایەڵی بەرپرسە باڵادەستەکانی بنەماڵەی بارزانی بێت، ئەگەرنا دەیان ڕێگر و کۆسپ ئەخرێتە بەردەمی و بە چەندین سیناریۆ و شێواز دوور ئەخرێتەوە.

دەسەڵاتدارانی بەغدا، بەتایبەت لایەنە شیعەکانی ژێر ڕکێفی ڕژێمی جمهوری ئیسلامی، ئەو فاکتانە چاک ئەزانن و لە فورسەت ئەگەڕێن و لەسەنگەردان بۆ پەڕوباڵکردنی دەسەڵاتی پارتی. بۆیە بە هاوکاری ئەو لایەنە کوردیانەی کە ناکۆکن لەگەڵ پارتی و ئەندامیان هەیە لە پەرلەمانی عێراق لەڕێی یاسای بودجەوە ویستیان دەسەڵاتی پارتی سنووردار بکەن. مەبەستیانە چیتر ڕێگا نەدرێت تاکڕەوانە دەسەڵات مۆنۆپۆڵ بکرێت لەبەرژەوەندی حیزب و بنەماڵەی بارزانیدا.

دادگای فیدرالی سەبارەت بە نادەستوری بوونی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان، بەڵکو گوشارەکانی بەغدا بەگشتی و بەتایبەتیش پەنابردن بۆ دادگای پاریس، هەنگاو گەلێکن حکومەتی عێراق لەم دواییانەدا پەنای بۆ بردوون. هۆکارەکانیش وەک پێشتر باسم لێوەکرد، گوێنەدانی دەسەڵاتدارانی هەرێم و هەنگاونانیان بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا بە متمانەبوون بە پاڵپشتی تورکیا و کۆمپانیاکانی نەوت. لەگەڵ ئەوەشدا تاکڕەوی دەسەڵاتدارانی هەرێم لەدواخستنی وادەی هەڵبژاردنەکان، هاندەرێک بوو بۆ نەیارانی دەسەڵات لەلایەنە سیاسیەکانی تر، بۆ پەنابردن بۆ

> **دادگای فیدرالی عێراق بەدەر نییە لە دامودەزگاکانی تری عێراق کە هەژموونی لایەنە سیاسییە دەستڕۆیشتووەکانی شیعەی بەسەرەوە ڕوونە. لە ئێستاشدا وەك باشترین ئامراز بەکارئەهێنرێت بۆ قۆڵبادان لەو ململانێیانەی لە گۆڕەپانی سیاسەتدا لە عێراقدا لە ئارادایە...**

پۆپۆلیستیانەی بریقەدار وەک پیرۆزی خاک و ئاڵا و یان کوردستان یان نەمان بۆ خۆڵکردنەچاوی خەڵک، کە لەڕاستیشدا کوردستانیان بۆ خۆیان و نەمانیشیان بۆ خەڵکەکەی دەوێت. بۆیە ئەو خەڵکە تابڵێیت تووڕە و بێزارە لەو دەسەڵاتە. زۆرینەی خەڵکیش هیواخوازی نەمانیانن و ئەو بڕیارانە بەدەستکەوت ئەزانن بۆ خۆیان چونکە بواری دزی و تاڵانی دەسەڵاتی مافیایی تاڕادەیەکی زۆر سنووردار ئەکات.

**بۆپێشەوە: پارتی و یەکێتی لە ژێر گوشاری نەتەوەیەکگرتوەکان و دوا بڕیاری بەغدادا لەسەر نایاسایی بوونی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان، ناچارن دەست بۆ هەڵبژاردن ببەن، ئایا تا چەندە پارتی و یەکێتی لە ئیستادا دەتوانن هەڵبژاردن بکەن؟**

**د. سەلاحی گەرمیان:** پارتی و یەکێتی چاک ئەزانن کە پێگەی جەماوەرییان لە دەستداوە و بێمتمانەیی خەڵکی کوردستان بەو دوو حیزبە لە هەڵبژاردنی ڕابوردوودا دەرکەوت کاتێک ٧٥%ی دەنگدەران بایکۆتی هەڵبژاردنیان کرد. ئەوەی ئەو دوو حیزبە گرەوی لەسەر ئەکەن تەنیا پەنابردنە بەر تەزویر و تەخشانی پارەیە بۆ کڕینی ویژدان بە پێدانی بڕەپارەیەکی موچەی بندیوار و بەخشینی دەمانچە و پارچە زەوی و ئۆتۆمبیل و ئیمتیازاتی تر. خۆیانیش چاک درک بەوە ئەکەن گلۆڵەیان کەوتووەتە لێژی. بۆیە، سەرەڕای بڕیاری نایاسایی بوونی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان وبەسەرچوونی ماوەی یاسایی حکومەتی هەرێم و دیاریکردنی ڕۆژی ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەناچاری، پارتی و یەکێتی زۆر لە هەڵبژاردن ترساون و ئەیانەوێت بەهەر شێوەیەک بێت بیانوو بدۆزنەوە بۆ دواخستنی هەڵبژاردن.

**بۆپێشەوە: ئایا گوشار و بڕیارەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم، سزا دانی دەسەڵاتی هەرێمە وەکو هەندێک دەڵێن، یان بەشێکە لە سیاسەتی حکومەتی مەرکەزی، بۆ قوتبی کردنەوەی دەسەڵات لەناوەند؟**

**د. سەلاحی گەرمیان:** دەتوانم بڵێم گوشارەکانی بەغدا، هەم سزادانی دەسەڵاتی سیاسییە لە هەرێمی کوردستان، لەهەمان کاتیشدا سەپاندنی ئیرادە و هەیمەنەتی دەسەڵاتدارانی بەغدایە. هەروەها، کاردانەوەیشە بەرانبەر بوغرایی و خۆبەزلزانینی دەسەڵاتی هەرێم وەک پێشتر ئاماژەم پێدا. لەپاڵ ئەوانەشەوە بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی جومگە ئابورییەکان و سەرچاوەکانی داهات وەک داهاتی نەوت و خاڵە سنوورییەکان و باج و رسومات. هەروەها فاکتەری دەمارگیری قەومی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەم پرسەدا، چ لە ناو شیعە و چ لە ناو سوونەکاندا کە لە سونگی شۆفینیزمەوە دەڕواننە کورد و دەسەڵاتی کوردی و لە هەموو بۆنەیەکدا لە هەوڵی ئەوەدان ئەگەر وەک براش تەماشای کورد بکەن، بەڵام بەچاوی برا بچوک و پلەدوو مامەڵەی لەگەڵ ئەکەن.

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕوانە بڕیاری نایاسای بوون و نادەستوری بوونی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان لەلایەن دادگای فیدالی عێراقەوە.... لەکاتێکدا هەموو خولەکانی پێشوو پەرلەمان تەمەنی خۆی درێژ کردۆتەوە، بێ ئەوەی دادگای فیدرالی، کاردانەوەیەکی هەبووبێت؟**

**د. سەلاحی گەرمیان:** نەک تەنیا بڕیاری دادگای فیدرالی و سکاڵا تۆمارکردن دژ بە بڕیاری درێژکرنەوەی تەمەنی پەرلەمان. دیارە دادگای فیدرالی عێراق بەدەر نییە لە دامودەزگاکانی تری عێراق کە هەژموونی لایەنە سیاسییە دەستڕۆیشتووەکانی شیعەی بەسەرەوە ڕوونە. لە ئێستاشدا وەک باشترین ئامراز بەکارئەهێنرێت بۆ قۆڵبادان لەو ململانێیانەی لە گۆڕەپانی سیاسەتدا لە عێراقدا لە ئارادایە.

**بۆپێشەوە: گوشار و بڕیارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم کاریگەریەکی لەسەر دەسەڵاتی هەرێم دەبێت؟ یان لەسەر خەڵکی کوردستان؟**

**د. سەلاحی گەرمیان:** بە درێژی ٣٢ ساڵی ڕابوردووی حکومڕانی پارتی و یەکێتی یان باشترە بڵێین دوو بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی، جگە لە کۆمەڵێک مشەخۆر و

> **خەڵکی کوردستان لەو ڕاستییە تێگەیشتووە کە ئەم قەوارە سیاسی و ئیدارییەی کە بە بەرهەمی خوێنی شەهیدان ناوی دەبەن، بە بارمتەکراوە لەلایەن دەسەڵاتێکی مافیایی خۆسەپێنەوە لەژێر کۆمەڵێك دروشمی پۆپۆلیستیانەی بریقەدار وەك پیرۆزی خاك و ئاڵا و یان کوردستان یان نەمان بۆ خۆڵکردنەچاوی خەڵك،کە لەڕاستیشدا کوردستانیان بۆ خۆیان و نەمانیشیان بۆ خەڵکەکەی دەوێت**

بازرگانی چاوچنۆک و مافیا و دز و تاڵانچی نەبێت، خەڵکی کوردستان سوودمەند نەبوون لەو دەسەڵاتە و لە نەهامەتی و دەردەسەری زیاتر هیچی تریان دەست نەکەوتووە. چونکە سەرانی ئەو دەسەڵاتە سەروەت و سامانی وڵاتیان بەتاڵان بۆ خۆیان و دارودەستەکانیان کۆنترۆڵکردووە و بەبێ سڵکردنەوە تەخشانی ئەکەن بۆ کڕینی ویژدانی خەڵک و پتەوکردنی پێگەی دەسەڵاتەکەیان.

خەڵکی کوردستان لەو ڕاستییە تێگەیشتووە کە ئەم قەوارە سیاسی و ئیدارییەی کە بە بەرهەمی خوێنی شەهیدان ناوی دەبەن، بە بارمتەکراوە لەلایەن دەسەڵاتێکی مافیایی خۆسەپێنەوە لەژێر کۆمەڵێک دروشمی

بەڵام لەلایەکی ترەوە، هیچ بوار و هەڵبژاردەیەکی تریان نییە، بێجگە لەئەنجامدانی هەڵبژاردن، چونکە ئەو حکومەتەی ئێستا، بەپێی یاسا حکومەتێکی کاربەڕێکەرە. لەلایەکی ترەوە ئەو دەسەڵاتە ڕۆژ بەڕۆژ پێگەی لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی تادێت لاواز ئەبێت و گوشارەکانی نوینەری یوئێن و ئەمریکا و بەغدا تا دێت زیاتر ئەبێت لەو بارەیەوە.

بۆپێشەوە: ناکۆکی نیوان پارتی و یەکێتی بەوپەری خۆی گەیشتووە، بەجۆرێک تەنانەت کۆبونەوە و ڕیکەوتنامەکانیان، ٢٤ سەعات ناخایەنێت، گرژی و دوبارە جەنگی میدیایان دەست پێدەکاتەوە، پەیوەندی پارتی و یەکێتی بۆ ئەو ئاستە گەیشتووە؟

ئەوەی پارتی و یەکێتی کۆکردووەتەوە لەحکومەتدا، نە خۆشەویستی وڵاتەو نە بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکە، تەنیا و تەنیا بەرژەوەندی حیزبی و بنەماڵەییە لە پۆست و قۆرخکردنی داهات و سامانی وڵات. پارتی و یەکێتی، هەر هەمان باڵی مەلایی و جەلالی سالانی شەستەکانن لە ململانێ نیوانیاندا بۆ زەعامەت و بالادەستیدا. لەو شەست ساڵەی ململانێی نێوانیاندا، شەڕ و ئاشتیان دژ بەخەڵک بووە. ڕێکەوتنی ئیستراتیجی ئەفرۆشنەوە بە خەلک وەک دەستکەوت، بەڵام لە بنەڕەتدا بۆ دابەشکردنی پۆستی سەرۆکایەتی و وزاری و پتەوکردنی پێگەی دەسەڵات و دامودەزگای ئاسایش و پاراستن و زانیاری خۆیانە، بۆ سەرکوتکردنی هەر جوڵانەوەیەک بە هەڕەشەی بزانن لەسەر بالادەستییان. بۆیە دەبینین پەیوەندی نیوانیان لە تەقینەوەدایە هەر کاتێک بەرژەوەندی لایەکیان بکەوێتە مەترسییەوە لەلایەن بەرانبەرەکەیەوە.

**بۆپێشەوە: دوای بێنەو بەردەیەکی زۆری نێوان باڵەکانی بۆرژوازی عێراقی سەرئەنجام بودجەی عێراق پەسەند کرا، پرسیار ئەوەیە پەسەند کردنی بودجە دەتوانێت چ کاریگەرییەکی لەسەر باشکردنی ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی عێراق هەبێت؟ وە تا چەندە لاتان وایە ئەم ڕیکەوتنامەیە دەتوانێت پایەدار بێت و بەدەردی ڕیکەوتنامەکانی تر ناچیت؟**

**د. سەلاحی گەرمیان:** بۆ هەموومان ئاشکرایە، ئەوەی لەعێراقدا حکومڕانی ئەکات، کۆمەڵێک سیاسی کلیپتۆکرات و ئۆلیگارکی پشتئەستوور بە هیزی میلیشیایی لەژێر چەتری مەزهەبی و تائیفیدا دەستیان بەسەر جومگەکانی دەسەڵاتدا گرتووە. ئەنجومەنی نوێنەران (پەرلەمان)ی عێراقیش تەنیا دامەزراوەیەکە بۆ شەرعیەتدان بە پێگە و بەردەوامبوونی دەسەلاتیان و شاردنەوەی ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان. ئەتوانم بڵێم هەر بڕیارێک یان یاسایەک لەلایەن ئەنجومونی نوێنەرانەوە دەرچێت، پێشتر ڕێکەوتنی لەسەرکراوە لەنێوان لایەنە دەستڕۆیشتووەکانەوە و هەر یاسایەک یان بڕیارێک بەهەر هۆیەک تێپەڕێنرێت بەبێ ڕێکەوتنی پێشوەختەی ئەو لایەنانە، دەیان ڕێگری و کۆسپ دەخرێتە بەردەمی تا ئەگاتە لەباربردنی. سەبارەت بە پەسەندکردنی یاسای بودجە، سەرەڕای کەموکوڕییەکانی و لابردنی برگەی تایبەت بە موچە پاشەکەوتکراوەکانەوە، کۆمەڵێک مادده و برگەی لەخۆگرتووە کە لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندایە بەتایبەتی موچەخۆران و خانەنشینان. هەروەها دەسەڵاتدارانی هەرێم ناچار ئەکات نەوتی هەرێم بەڕێگای (سۆمۆ)ە هەناردەی دەرەوە بکرێت و داهاتەکەشی دەچێتە هەژمارێکی تایبەتەوە کە دەسەڵاتدارانی هەرێم مافی دەستبردنیان نییە بۆی. ئەوانە و خالێکی گرنگی تر لە بەرژەوەندی خەڵکی هەرێم کوردستان ئەوەیە کە نرخی سوتەمەنی لەناو هەرێمدا هاوتا ئەکرێتەوە لەگەڵ ئەو نرخی سوتەمەنی حکومی لە شارەکانی تری عێراقدا. بەڵام ئەم یاسای بودجەیە تا چ ڕادەیەک دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە و لایەنە سیاسییەکان تا چ ڕادەیەک پابەند ئەبن پێوەی. لەڕاستیدا، هیچ زەمانەتێک نییە بۆ پابەندبوون پێوەی و جێبەجێکردنی بەبێ کێشەو گرفت.

**بۆپێشەوە: باڵە سەرەکیەکانی ناسیونالیزمی کورد "پارتی و یەکێتی" سەرباری ناکۆکی بەردەوامی نێوانیان، بەڵام دژی گێرانەوەی پاشەوکەتی موچە موچەخۆران بوون، ئەم هاوڕاییە چیمان پێدەلێت؟**

**د. سەلاحی گەرمیان:** پارتی و یەکێتی مێژوویەکی درێژیان هەیە لە ململانێ و ناکۆکی لەسەر کۆمەڵێک پرسی جیاواز بەتایبەتی لەسەر دەستبەسەراگرتن و دابەشکردنی داهات و سامانی وڵات لە نەوت و داهاتی گومرک و باج و ڕسوماتی دامودەزگاکان. بەڵام بۆچی سەرەڕای ناکۆکانیان، هەردوولایان لەسەر پرسی پاشەوکەتی موچەدا، هاودەنگ و هاوڕابوون بۆ لابردنی لە پرۆژە یاساکە؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە ئەبێت بۆ ڕابوردووی پەیوەندی نێوان ئەو دوو حیزبە بگەڕێینەوە، پارتی و یەکێتی بەدرێژایی مێژووی ململانێیاندا، لە شەڕ و ئاشتی یان لە ڕێکەوتن و ناکۆکی نیوانیاندا، تەنیا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی حیزبی و پۆست و پارە و لەپێناو زەعامەت و بالادەستیدا هەنگاویان ناوە و هەموو کاتێکیش، ڕێکەوتنەکانیان بەرژەوەندییەکانی خەڵک کراوەتە قوربانی.

**بۆپێشەوە: بەپێی بەندێکی بودجە پەسەندکراو بۆ سێ ساڵی داهاتوو، لەکاتی بوونی نادادپەروەری لە دابەشکردنی شایستە دارایەکانی لە ئاستی پارێزگاکانی هەرێمدا، بەغدا راستەوخۆ بودجەی ئەو پارێزگایە دەنێرێت...یەکێتی نیشتیمانی ئەوە بەدەستکەوتێکی خەڵک و ڕیگایەک بۆ دادپەروەری و خزمەت بەخەڵکی زۆنی سەوز دەزانێت، ئیوە لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**د. سەلاحی گەرمیان:** ئەو برگەیەی یاسای بودجە، کە یەکێتی پێداگری لەسەر ئەکرد، بە بۆچوونی من دەرهاویشتەی ئەلەنگاری و قۆڵبادانی نێوان یەکێتی و پارتییە. ئەو دوو حیزبەن تەبایی و ناڕێکی نێوانیان لەناو حکومەتی هەرێمدا تاڕادەیەکی زۆر گەیشتووەتە بنبەست. چونکە پارتی خۆی بە حیزبی یەکەم ئەزانێت و چیتر حیسابی جاران بۆ یەکێتی ناکات. پارتی ئەزانێت یەکێتی دوای جیابوونەوەی نەوشیروان مستەفا تادێت بەرەو پەرتەوازەیی و لاوازبوون ئەچێت و بەتایبەتیش دوای سەرهەڵدانی کێشەی نێوان هەردوو ئامۆزای هاوسەرۆک. پارتی تادەهات تاکڕەوی پیادە ئەکرد لە دەسەڵاتدا و حیسابی بۆ تیمی وەزاری یەکێتی نەئەکرد، تاگەیشتە ئەوەی یەکێتی بایکۆتی دانیشتەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی کرد بۆ ماوەی شەش مانگ زیاتر. بۆیە یەکێتی بە هاوکارانی نەیارانی پارتی لەناو شیعەکاندا لە بەغدا، توانی ئەو برگەیە لە ناو یاسای بودجەدا جێگیر بکات.

من ئەو هەنگاوەی یەکێتی، ئەوەندە بە دەستکەوتێکی شکڵی و ئەڵەنگارییەک بەرانبەر بە پارتی ئەبینم، بە چارەسەرێک بۆ کێشەکانی زۆنی سەوز نابینم. چونکە کێشەی خەڵک لەگەڵ شێوازی حکومڕانی و بالادەستی گروپی مافیایی و سەرانە وەرگرتن و داگیرکردنی زەویوزار و مۆنۆپۆڵکردنی بازار و بازرگانی دەرمان و قاچاخچێتی و نادادپەروەری و ڤایرۆسی گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی و ئاو و کارەبایە، نەک کەمی شایستەداراییەکان. خۆ ئەو دیاردانە بەزیادیشەوە لەژێر دەسەڵاتی پارتیدا بوونیان هەیە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئەگەر سزادانی سلێمانی هۆکاربێت بۆ دواکەوتنی خزمەتگوزاری و سەختکردنی باری ژیان لە زۆنی سەوزدا، تۆ بڵێیت هەولێر شامی شەریف بێت لە سایەی پارتیدا؟ ئایا خەڵکی سادەی هەولێر هەمان دەردەسەری و کۆژانی خەڵکی سلێمانیان نییە؟ ئایا جیاکاری لە شایستەی دارایی وای لەدەسەڵاتداران کردووە لە بورجی عاجی خۆیان بێنەخوارێ و ئاوڕ لەکۆژانی خەڵکی هەژار و بێدەرامەت بدەنەوە؟

**بۆپێشەوە: بەشێکی زۆر لەسەرانی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و تا دەگاتە نووسەران، باسی مەترسی سیاسی سەر قەوارەی هەرێم دەکەن و نایشارنەوە کە قەوارەی هەرێم لەسەر لێواری دارمانە... ئیوە لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**د. سەلاحی گەرمیان:** ئەو سیاسەتەی لەلایەن دەسەڵاتی خۆسەپێنەوە تا ئەمڕۆ پێڕەو ئەکرێت، وایکردووە هەرێمی کوردستانی لە وڵاتێکی نیمچەسەربەخۆوە بگاتە ئەو دۆخەی ئێستا، کە لەژێر مەرحەمەتی گوشارەکانی بەغدادا تادێت پەڕوباڵ ئەکرێت و ناچار ئەکرێت پابەندی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی عێراق و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بێت. ئەو هەنگاوانەی بەغدا وایکردووە، پێگەی هەریمی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو لاوازبوون و پوکانەوە بڕوات و هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوە بالاکانی لێبکەوێتەوە. بێگومان قەوارەی هەرێم ڕوو لەداڕمان ئەبێت، کاتێک حکومڕانی قەتیس ئەکرێت لەنێو بنەماڵەدا. کاتێک بەدروشمی ئابوری سەربەخۆ دەست ئەگیریت بەسەر هەموو جومگە ئابوری و بازرگانییەکانەوە لەلایەن حیزب و ئەندامانی بنەماڵەوە، کاتێک وڵاتێکی دەوڵەمەند بە سامانی سروشتی و کشتوکاڵ وسەرچاوەی ئاو و سروشتی جوان بۆ گەشتیاری، لەژێر قورسایی زیاتر لە ٣٠ بلیۆن دۆلار دەناڵێنێت. لە وڵاتێکدا هەلی کار نەبێت ڕێژەی بێکاری تیایدا پێوانەیی بێت، گەنجەکانی لە بێهیوایدا ڕێی هاتوونەهاتی کۆچکردن بگرنەبەر. ڤایرۆسی گەندەڵی هەموو سیکتەرێکی تەنیبێت. دەبێت چاوەڕوانی دواڕۆژێکی چۆنی بۆ بکەین؟

به بۆچوونی من، تەنیا ڕێگا بۆ ڕێگرتن لەداڕمانی قەوارەی هەرێم، نەمانی دەسەڵاتی کلیپتۆکراتی هەردوو حیزبی بنەماڵەیی و کوتاییهێنان بە قۆرخکرکاری و گەندەڵییانە لەڕێی ڕاپەڕینی سەرتاسەری خەڵکەوە و دەستبەسەراگرتنی گشت کۆمپانیا و سەروەت و سامانی دزراوی چەندین ساڵە و تەرخانکردنی بۆ خۆشگوزەرانی خەڵک و پتەوکردنی پێگەی ئابوری و بوژانەوەی سیکتەری گشتی و دامودەزگاکانی خزمەتگوزاری لە هەرێمدا.

**بۆپێشەوە: چۆن دەروانە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کورد بەگشتی و نەوەی نوێ بەتایبەتی؟**

**د. سەلاحی گەرمیان:** هەر کە گەندەڵی و بێسەروبەری و نادادپەروەری بووە دیاردەی ڕۆژانە و سیمای حکومڕانی لە وڵاتێکدا، تاکە ڕێگاچارە، هەڵتەکاندنی سیستەمی حکومڕانیە. ئۆپۆزیسیۆن لە سیستەمێکی دیموکراسی ئەکرێت بە بەرنامەیەکی تۆکمە کە ڕەنگدانەوەی خواست و داواکاری کۆمەلانی خەڵکی بێت.

لە ئێستادا، نەوەی نوێ وەک لایەنێکی بەرچاو، بەمەبەستی کۆکردنەوەی دەنگی خەڵکی ناڕازی لە دەسەڵات و ئامادەکاری بۆ بەشداریکردن لە گەمەی هەڵبژاردندا بۆ بەدەستهێنانی چەند کورسییەکی پەرلەمان، بۆ ئەوەی بەشی هەبێت لە کێکی دەسەڵاتدا. لە هەوڵی یاریکردن بە سۆزی خەڵک و خۆدەرخستندایە وەک ڕزگارکەرێک، بە کۆمەڵێک دروشمی پۆپۆلیستی و بانگەشەی دژە گەندەڵی، لەم دۆخە قەیراناوییەی ئێستای هەرێمدا، کە دەسەڵات ڕووبەڕووی شکستی گەورەبووەتەوە، هەلی قۆستووەتەوە و هاتووەتە مەیدان...

**ئەوەی پارتی و یەکێتی کۆکردووەتەوە لەحکومەتدا، نە خۆشەویستی وڵاتەو نە بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکە، تەنیا و تەنیا بەرژەوەندی حیزبی و بنەماڵەییە لە پۆست و قۆرخکردنی داهات و سامانی وڵات. پارتی و یەکێتی، هەر هەمان باڵی مەلایی و جەلالی سالانی شەستەکانن لە ململانێ نیوانیاندا بۆ زەعامەت و بالادەستیدا...**

**لە ئێستادا، نەوەی نوێ وەك لایەنێكی بەرچاو، بەمەبەستی كۆكردنەوەی دەنگی خەڵكی ناڕازی لە دەسەڵات و ئامادەكاری بۆ بەشداریكردن لە گەمەی هەڵبژاردندا بۆ بەدەستهێنانی چەند كورسییەكی پەرلەمان، بۆ ئەوەی بەشی هەبێت لە كێكی دەسەڵاتدا. لە هەوڵی یاریكردن بە سۆزی خەڵك و خۆدەرخستندایە وەك ڕزگاركەرێك، بە كۆمەڵێك دروشمی پۆپۆلیستی و بانگەشەی دژە گەندەڵی ...**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

بەختیار محەمەد، وریای رەسام، رۆزا دڵشاد مەریوانی، جەمال نوری، کاوان قادر، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، ئاراس رەشید، بنار مستەفا، توانا حەمە نوری، عیرفان کەریم، عبدالرحمن رەسوڵ، عەبدوڵا مەحموود،...

لەگەڵ دۆسیەکی تاییەت سەبارەت بە"هۆکاری گوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم و پرسی پەسەندکردنی بودجە"...

# توندوتیژی پۆلیس و کوشتنی لاوێکی ١٧ ساڵە، دۆخی خراپی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان، هۆکاری سەرەکی فراوان بوونی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی خەڵکی فەرەنسایە!!

بەدوای کوشتنی لاوێکی ١٧ ساڵە لەلایەن پۆلیسی فەرەنسا و توندوتیژییەکانی، پاریس و چەندین شاری تر بوونەتە مەیدانی هاتنە مەیدانی جەماوەرێکی فراوان و تورە، و هیرش دەکەنە سەر دامەزراوە مەدەنی و حکومیەکان... تورەیی خەڵک لە مامەڵەی پۆلیس چەند رۆژە بەردەوامە و تادێت فراوانتر دەبێت، وە هیرشەکان تەنها بۆسەر بازار و دامەزاوە مەدەنیەکان نییە، بەڵکو هیرش بۆ سەر دام و دەزگا حکومیەکان و هاوکاتە بۆسەر بنکەکانی پۆلیس دەستی پێکردووە، لەبەرامبەردا پۆلیس و دەزگا ئەمنیەکانی فەرەنسا بە شێوەی یەکجار بەربڵاو بلاوەیان پێکراوە بەو پەری توندوتیژییەوە وەلام بە خۆپیشاندەران دەدەنەوە، لەو نێوەدا تا ئێستا سەدان کەس دەستگیر کراون و بەسەدان کەس بریندار بوون و تەنانەت باری نائاسیای راگەیەنراوە، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی تورە بەردەوامن لەسەر خۆپیشاندان و هیرش کردنە سەر دامەزراوە حکومی و مەدەنی و بنکەکانی پۆلیس... ئەم دۆخە بە ئاستێک گەیشتووە، کە ئیمانیۆل ماکرۆنی فەرەنسا، ئەم جولانەوە بە "شۆرش" خرۆشان ناو دەبات و بۆ بەر پێگرتنی ژوری عەمەلیاتیان بۆی پێکهێناوە... بێگومان کوشتنی لاوێک و توندوتیژی بەردەوامی هۆکاری چەخماغەدانی ئەم تورەییە جەماوەرییەیە، بەلام هاوکات مامەڵەی دەوڵەت و پۆلیسی ئەو ولاتەو دۆخی سەخت و ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان بەتایبەتی خەڵکی پەنابەر و هەژاری فەرەنسا، فاکتەرێکی ترە کە بۆتە هۆی پەرەسەندن و بردنە سەری تورەیی جەماوەری... هەروەها سیاسەتەکانی فەرەنسا بەدژی چینی کریکار و جەماوەری بێبەش بەتایبەتیش بریاری بردە سەری تەمەنی خانەنشینی، وای کردووە کە بەشێکی بەرین لە کرێکاران و خەڵکی فەرەنسا کە دژی بردنە سەری تەمەنی خانەنشینین بەو بزوتنەوە نارەزایەتییە جەماوەییە پەیوەست ببن، کە بەشێک لە شارەکانی فەرەنسای گرتۆتەوە... دیارە ئەوە یەکەمین جار نییە پۆلیسی فەرەنسا بەوپەری دڕندانە رەفتار دەکات... لە خۆپیشاندانەکانی تری کریکاران بەدژی گرانی و لیکەوتەکانی جەنگ لە ئۆکرانیا و بەدژی بریاری بەرزکردنەوەی خانەنشیی، دیسان پۆلیس و دەزگا ئەمنیەکانی ئەو ولاتە هیچ دەست پاریزیان نەکرد و ئەوپەری توندوتیژیان نواند، لەبەرامبەردا جەماوەری نارازی ناجار بوون کاردانەوە لەخۆیان نیشان بدەن... توندوتیژی پۆلیسی فەرەنسا بە جۆرێک بوو، کە لەلایەن کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤی ئەوروپاوە ئیدانەی مامەڵەی توندوتیژی پۆلیسیان کرد و داوایان کرد، نەرمی بنووێنن... گومان لەوەدا نییە تا ئەو جێگایەی دەوڵەت و دەزگا ئەمنییەکانی فەرەنسا توندوتیژی لەبەرامبەر بەخەڵک و خواست و داواکارییەکانیاندا بنوێنن، ئەوا ئاستی کاردانەوەی جەماوەری رۆژ بەڕۆژ و جار بەجار بەرفروانتر دەبێت...






بەرهەمی نوێی هونەرمەند وریای رەسام

## دوا وتە

### لە پەراوێزی تیرۆری خواناسدا

# بۆچی ئیسلامی و سەلەفیەکان دەست لە فتوا و هەڕەشە هەڵناگرن؟

**عەبدوڵا مەحمود**

زیاتر لە ٣٠ ساڵە ئیسلامی سیاسی لە ئامێزی گەرمی بزوتنەوەی کوردیەتیدا، ئامادەیی هەیە. لق و باڵەکانی گوتاری ئیسلامی سیاسی، لە حزب و رێکخراوە سیاسیەکانەوە تا دەگاتە سەلەفیەکان و مەلا و بانگخوازەکان و وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێم... نەک هەر بە ئازادی کاری سیاسی خۆیان کردووە، بەڵکو لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە فەرشی سوریان بۆ ڕاخراوەو هاوکاری کراون. لەلایەن وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەوە یارمەتی بەردەوام دراون، وەکو دەوترێت ٦٥٠٠ مزگەوت لە هەریمدا هەن و لە ٣٧٠٠ مزگەوتدا وتاری هەینی لەلایەن بانگخواز و مەلا و خەتیب و پیاوانی ئیسلامی دەخوێنرێنەوە. مەلاکان و پیاوانی دینی سەران و کادرانی حزبە ئیسلامیەکان کەڵک لە سۆشیال میدیا وەردەگرن و بەجۆرەی دەخوازن پەیامی ئیسلام و رەوتەکانیان رادەگەیەنن، ئەوە بەجیا لەوەی خێر و سەدەقە دەبەخشنەوە، هەتیوانە!! دابەش دەکەن، مەراسیمی سەرپۆشین وەڕیدەخەن، خولی قورعان خوێندن، دەکەنەوە. منداڵان بانگهێشتی خولی جۆراو جۆر دەکەن، چەند مەلاو بانگخوازێکیان بەبەردەوامی هەڕەشە دەکەن و فتوا دەبەخشنەوە، سوکایەتی و بێ رێزی بە ژن و منداڵ، بە نووسەر و شاعیری مۆدیرن و بەهەموو ماف و سیمایەکی مەدەنی و فەردی دەکەن، وە دەست وەردەدەنە ورد و درشتی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کەلتوری و تایبەتی و فەردی و زانستی و هونەری و ئەدەبی و بەرووی هەموو داهێنان و پێشکەوتنخوازییەکدا دەوەستنەوە. حەڵاڵ و حەرام لەسەر مەساسەخواردن و دۆندرمە خواردن و منداڵ بوون و جل و بەرگ پۆشین و سواری تەکسی بوون و ... دادەنێن. وەزارەتی ئەوقاف وەکو بەشیک لەو رەهەندە ئیسلامیە دەیان و سەدان فتوای لەسەر مەسەلەی زۆر تایبەتی دەرکردووە. بەشیکی زۆری ئەم رەوتە ئیسلامی و سەلەفیانە لە دەسەڵاتدا بەشداربوون و لەم جێگایەشدا هێندەی بۆیان کرابێت، لەدژی هەر پرس و مەسەلەیەک وەستانەوتەوە، کە ناکۆک بە باوەڕی دینداری و ئایدۆلۆژیان کرابێت. بێ شەرمانە بە راستەوخۆ و ناراستەوخۆ پشتیوانی خۆیان بۆ داعش راگەیاندووە، بەشێکیان سوێند بەسەری ئەردۆغان دەخۆن. حزبە دەسەڵات بەدەستەکان و سەرانیان مانگانە لە قوت و داهاتی خەڵکی کوردستان کلور کلور داهات بۆ لاپەڕە 12